# :: شانازیەکانی کورد بناسە ::

- پێشکەشە -

پێشکەشە : بە ئەو ڕۆڵە بەئەمەکانەی گەلی کوردم پشکنین و توێژینەوەی مێژووی گەلەکەمیان خەمە .

پێشکەشە : بەو ڕۆڵە دڵسۆزانەی کوردستان کە شانازی دەکەن بە مێژووی دێرینو نوێی گەلەکەیانەوە .

پێشکەشەبە گیانی پاکی ئەو شەهیدانە کە بە خوێنی پاکیان مێژووی کوردو کوردستانیان نەخشان .

## ناسنامەی پەرتووک

- ناوی پەرتووک : (شانازیەکانی کورد بناسە) .
- بابەت : زانیاری مێژوویی .
- نوسەر : عومەر حاجی عەلی زەنگنە .
- شوێنی چاپ : چاپخانەی
- تیراژ (٥٠٠) دانە .
- تایپ ودیزاین: نووسینگەی ( کانون خورماتوو) .
- نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم .
- نرخی: ٣٠٠٠ دینار .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرتوکخانەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرتووکخانەی کەرکوک ژمارەی ( ٧ ) ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە .
- مافی لە چاپدانەوەی بۆ خوودی نووسەر پارێزراوە .

پیشەکــــــی :–

لەکاتی خوێندنەوەم بۆ ژمارەیەکی پەرتووکی مێژووی چاوم کەوت بەچەند بابەتێکی گرنگ لە مێژووی گەلەکەم لەبەر ئەوەی گرنگی بابەتەکان زۆر سرنجیان ڕاکێشام کە تێدا ئاماژە یەکی زۆر کراوە بۆ دەسەڵات و زانیاریی بەڕێوەبردنی کارگێڕی هۆزە (مادەکانی) یەکەم کەلە٢–٤ هەزار پێش زاینی هەبونیان هەبووە وخاوەنی قەڵەم ڕەوی خۆیان بوونە لە کوردستاندا هەر وەها لە دوای ئەوانیش مادی بچووك لە ساڵەکانی ٢ هەزارەی پێش زاینی تا سەرهەڵدانی (مەسیح) سەڵاوی خوای لەسەر بێت هەبوونیان هەبووە .

بەپێی نووسراوە گڵێنەکان و نووسراوەو پاشماوە ئاسەوارەکانیان کە لەلایەن مێژوو نووسە گەورە دێرینەکانەوە لە شێوەی (هیرودۆت)

روونکراوەتەوە ودابنییش کراوە کەئەم هۆز و گەلانە لە گەلانی (جوودی=گوتی) یەوە پێکهاتوونە و دروستبوونە و وجیا بوونەتەوە بەپێی لێکۆڵینەوە مێژوویەکان دابین کراوەکە ئەمانە واتە (ماد)ەکان باپیرانی گەلی کوردن و خاوەن دەسەڵاتو قەڵەم رەوی خۆیان بوونە لە کوردستانی گەورە و لە دەرەوەی کوردستاندا بۆ ماوەیەکی زۆریش دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەی (میسوبۆتامیا=بین نهرین) داگرتووە و بۆ ماوەیەکیش لەبەشێکی زۆری ئاسیا دا قەڵەم رەویان کردووە – لەدوای ئەمانیش هۆزە خۆریەکان کەلە نەژادی ئەوانن دەسەڵاتی تەواویان بەسەر خاکی کوردستانی گەورەدا هەبووە و خۆیان دەسەڵاتی ولاتیان بەرێوەبردووە ئەگەر سەیرێکی پاشماوە و ئاسەوارەکانیان بکەین لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا جیێ پەنجەیان دیارە .

لە پەرتووکە مێژوویە دێرینەکاندا وەدەردەکەوێت کە ئەوان خاوەنی شارستانیەت بوونەو خاوەنی ئاینی

ئاسمانی تایبەتی خۆیان بوونەو پەرتووکی بەرزی (ئاڤێستا)ی دێرین بۆ سەر پەیامبەر(زەردەشت)دابەزیوەو پەرتووکی ئاسمانیە و یەکتا پەرستیە.

زەردەشت پەیامبەریش ئاینەکەی خۆی بەگوێرەی پەڕتووکەکەی لە کوردستان و دەورو بەرەکەیدا ڕایگەیاندووە و ئاشکرای کردووە ئاینی زەردەشتی ئاینیکی گشتی بوە نەك تەنیا بۆ گەلی کورد ئاینێك گشتی مرۆڤایەتی بووە لە هەموو جیهاندا بڵاو کراوەتەوە و سوودمەند بوونەلێی تائێستایش پێوە لەلایەن پرۆفیسۆرە بیانیەکانەوە بەسەرزمانەکاندا وەرگێڕانی بەسەردا هاتووە ولەسەر رووی جیهاندا

سوودی لێ وەردەگرن لە دانیشگەو کۆلێژەکاندا بڕوانامەی (دکتۆرا)ی لە سەروەردەگرن .

بۆزیاتر روون کردنەوە سەیری پەرتووکی (ئاڤێستاو یەکتا پەرستی) بکەن لە نووسینی (عومەرحاجی عەلی زەنگەنە) .

بێگومان کوردستانی گەورە ئەو کاتوو سەردەمانەی دێرین گەلێك لە ئێستای فراوانتر بووە و گەلێك گەلو هۆزی تێدا ژیاون ئاسەوارەکانیان تا ئێستاش گەواهی بەرچاون لەوانە (جوودی = گۆتی = سۆمەری = ایلامی کاشی = سۆباری) بەدەیان هۆزو گەل دیکە لە کوردستاندا هەبوونیان بووە – مێژوو نووسەکانی دێرین و ئێستایش بە بەڵگە دابینیان کردووە کە ئەم گەلو هۆزانە باپیرانی کوردن و گەلی کوردی کوردستان پاش ماوەی ئەوانن زۆر بە

پێویستم زانی چەند بابەتێکی جۆراو جۆر و زۆر کورتو بەنرخ بکەم بەناوەخنی پەرتووکە کەم وبیانخەمە پێش دیدی خوێنەرە بەڕێزەکانمان لەتەك چەند زانیاریەکی گرنگی دیکەدا هەر لە بارەی کوردستان و گەلـەکەیەوە بە هیوای ئەوەی زۆر سوودی هەبێت بۆ زیدەکردنی زانیاری مێژووی نەوە و داهاتوەکانو ئێستامان – هەرچەند من هیچ کاتێك خۆم بە مێژوو نووس لە پێنوسی نەداوە و خۆمیش بە مێژوو نووس نازانم تەنیا ئەوەندە من خۆم بە شەیدای مێژووی گەلـەکەم دەزانم و مێژووەکەی و خاکی پیرۆزی کوردستان و گەلـە نەبەزەکەی ئەو خۆشەویستەیە کە من شەیدایان بوومە – ئەم کارەم لە پێناو ئەوەدا کردووە سوودێکی هەبێت بۆ زیدەکردنی زانیاری مێژووی نەتەوەکەم و بەهیوای ئەوەی کەلـێنێکی زۆر بچووك لـە پەرتوکخانەی کوردی پڕ بکاتەوە .

داوای لێبوردن لەو مامۆستاو زانایانەی مێژوو دەکەم ئەگەر هەڵەیەکم کردبێت لەم بوارەدا بە پارچە ریستەیەکی نایاب چاکی بکەنەوە نەك تەنیا بەچاوی ڤێزونەوە سەیر بکرێت وە خودای گەورەش دەفەموێت ﴿ وَفَوْقَ كُلِّ ذِى عِلْمٍ عَلِيمٌ ﴾

صدق الله العظیم

یەزدانی گەورەیش لە پشت مەبەستەوەیە .



وێنەی ژمارەیەك لەو مرۆڤانەی لە ئەشکەوتی (شانیدەر)دا ژیاون پێش ٦٥هەزار ساڵ پ.ز لە ناوچەی رەواندوز

عومەر حاجی عەلی زەنگنە

کەرکوك – خورماتوو – رزگاری

٢٠١٤/١/١

**((مادەکان باپیرانی کوردن))**

پەڕتووکی مێژووی میدیا لـه نووسینی مێژوو نووسو رۆژ هەڵاتناسی ڕووسی (ئیگۆر میخائیلو یچ یاکۆنۆف) لـه ساڵی ١٩٥٦ بۆ یەکەم جار مێژووی میدیای خستە بەر دیدی خۆێنەرانی جیهان ولـه چاپی دا.

لـەم پەرتووکە بەرزە بەنرخەدا هاتووە و دەنوسێت مادەکان پێك هاتبوون لـه چەند هۆزێکی گەورە و هەر هۆزێك ئەمیروسەرکردەوپاشای خۆیان هەبوو خاوەنی زمانێکی تایبەت مەند بوون بە خۆیان ، پێش هاتنی(هەخامە نشیە) کان لـه خۆر ئاوای ئێرانی ئێستاو بەتایبەتی لـه ناوچەی (ئەترۆپاتین = ئازەربایجان)دا دەسەڵاتیان بەدەسهێناوە قەڵەم ڕەوی دەسەڵاتیان گەیشتوەتە (میسوبۆتامیا = بین

النهرين) بەواتە (دجلە و فرات) بەتايبەتی لەسەردەمی دروستبونی دەولّەتی (ئەمبراتۆر) يەتيە گەورەكەياندا كە لە سالّی (٧٠٠) پ.ز دا دروستكرا لەم كات و سەردەمەياندا مادەكانتوانيويانە دەولّەتە گەورە زلهێزە كەی (ئاشوور)برۆخێنن بەمە توانيان خۆيان و چەندها هۆزو خێلّی ديكە رزگار بكەن لە ژێر دەستی و كۆيلەيی ، ئەم رووداوە گەورەيە لە سالّی (٦١٢)پ.ز دا رووی داوە – خاكی (ئەتروپاتين) .

كە دەكاتە ئازربايجانی خواروو ژوورو بە نيشتمانی مادەكان ناسراوە.

ئەونووسراوانەی لەسەر خشتە گلينەكان و ئاسەوارە دێرينەكانی مادەكاندۆزراوەتەوە پسپۆرە فەرنسی و ئەنگلو ئەمريكيەكان پشكنين و لێكۆلّينەوەيان لەسەر كردووە لەم جێگەيانە بوونە –١– ئەوبەری

ئاوی رووباری (ئاراس) کە دەکەوێتە ئازاربایجانی رۆژهەڵات -٢- گردی (حەسار) کە دەکەوێتە نزیك (دامغان) -٣- گردی (سپیلك)کە نزیك بەشاری (کاشان)ە لە ئێران -٤- گردی (گیان) کە نزیك بە شاری (نەهاوەندە) -٥- گردی (تەپە = گردۆڵکە) کە نزیك بە شاری (وورمییێ)یە لە کوردستانی رۆژهەڵات – جگەلەم جێگەیانە چەند شوێنەوارێکی دیکەیش هەیە کە لە مێژوودا بەجێگەی مادەکان دەناسرێت .

سنوری مادەکان تاپایانی کێوەکانی (زاگرۆس) درێژ دەبێتەوە بەگوێرەی نووسراوەکانی (هیرۆدۆت) مادەکان (١٢٨) ساڵ .

فەرمانڕەوایان لە ئاسیادا کردووە ئەمەش لە دوای ساڵە کانی (٧٠٠)پ.ز بووە .

(کیاکسار = کەیخەسرەو=ئۆکیشتر) لە ساڵی ٦١٢پ.ز دا شاری (نەینەڤا = نینوی)ی پایتەختی (ئاشور)ی خاپورکرد ئەوپاشایانەی مادکە لە وولآتەکەی خۆیاندا فەرمانڕەوایان کردووە و ماوەی فەرمانڕەوایان بەم شێوەیە بووە ١- ئارپاك ٢٨ساڵ ٢- ماندائۆن ٥٠ ساڵ ٣- سۆمارم ٣٠ ساڵ ٤- ئاریتا ٥٠ساڵ ٥- ئاریتن ٢٢ساڵ ٧- ئاستیبر ٤٠ ساڵ ٨- ئاسینو٣٥ ساڵ ، جگە لەم پاشایانە ژمارەیەکی دیکە پاشاو ئەمیریان هەبووە کە جێگەو نێویان لە مێژوودا تێکەڵاوە .

ئاینی زەردەشتی رەسەن پێش دەسکاری و شێواندنی لە لایەن (پارس)ە کانەوە ئاینی رەسمی یاسایی مادەکان بووە پەرتووکی پیرۆزی (ئاڤێستا) بەدەستی زەردەشت پەیامبەر لە پێستەی خۆشەکراوی (١٢٠٠٠) هەزار گۆلکی گامیشدا نووسراوەتەوە ئەمەش دوای ئەوەی

لەئەشکەوتی چیای (پیرناوکی) دا کە دەکەوێتە ناوچەی شاری (یەزد) ەوە لەلایەن یەزدانەوە (وَحِيْ) سرووشی بۆ هاتوە و یەکەم ئایەت لە ئاڤێستادا ئەمە بووە (ووتەی چاك– بیری چاك – کرداری چاك) گومانیش لەوەدانییە کە ئەو شێوە زارەی ئەو پەڕتووکە پیرۆزەی پێنوسراوەتەوە هەر شێوەزاری ئەو گەلو هۆزانە بووە کە پەرتووکە کە لە نێویاندا دابەزیوە هەروەك خودای گەورەمان لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمۆێت ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوۡمِهِۦ ﴾ إبراهيم ٤ .

زۆربەی زانایان باوەڕیان وایە کەزەردەشت خەڵکی وولاّتی مادەکانە کە دەکاتە کوردستانی گەورە گومانی تیّدانییە ئەم وولاّتەی ئێمە زادگەی زەردەشت بووە .

ئێستا هەندێك لە مامۆستایانی ئاینی و مێژوو نووسان باوەڕیان وایە زەردەشت ناوێکە لە جیاتی (نبـي) بەکار هێنراوە بەواتە پەیامبەر و دەڵێن حەزرەتی (إبراهیم = براخم) خودی زەردەشتەو بەو (١٢) پەیامبەرەی لە کورستاندا وەدەرکەوتوون هەربە زەردەشت واتە بە (نبـي) پەیامبەر ناویانیان هێناوە یەکێك لەوانەیش پەیامبەر (إبراهیم)ە.

(ویستاسب) کە بەناوبانگترین یارمەتی دەری زەردەشت بووە لە ئاوای (بەڵخ) لە هەورامان نیشتەجێ بووە ئاینەکەی بڵاوکردووەتەوە.

هەندێك لە زانایان لەو باوەڕەدان جێگەی ئێستای گۆلی (زریبار) لە ناوچەی مەریوان کە ئەمەش هەرسەربە هەورامانە (لوط = لووت) پەیامبەر لەو جێگەیەدا دانیشتووە و یارمەتی دەری حەزرەتی إبراهیم بووە لە بەرکارە خراپەکانی خەڵك خودای گەورە فەرمانی دابە

پەریەکان لووت پەیامبەریان لە ئاوای = گوندەکە دەرکردو جێگەکەیان ژێرو بان کرد تائێستایش هەربەو ناوەوە دەناسرێت وەك خودا لە ئایەتی ٨٢ی هود . دەفەرمێت ﴿ فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا جَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهَا حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ مَّنضُودٍ ﴾ هود: ٨٢ .(زریبان = ژێروبان) و تا ئێستاش دانیشتوانی ناوچەکە ئەم ڕاستیە دەگێڕنەوە کەئەو جێگەیە بەفەرمانی خودا ژێروبان کراوە وبووە بە زریبان ،پەرتووکی پیرۆزی (ئاڤێستا) کراوە بە چوار (بەش = جزأ) .

١– بەشی (یەسنا) .

٢– بەشی (وندیداد) .

٣– بەشی (پەشت) .

٤– بەشی (سپرد) .

زانایان دەڵێن شێوەی نووسینی ئەم پەڕتووکە زۆر نزیکەلە شێوەزاری کوردی (ماچۆ)ی ئێستاوە ، (گاتە = گوتە) بە واتای (ووتە =

حديث)ە كانى زەردەشت پەيامبەر دەگەيەنێت ئەميش هەر بەم شێوە زارە نوسراوەتەوە ئەم فەرموودانەى زەردەشت بە گوێرەى وتەى مێژوو نوس (هريب ئەزميرى) دەلێت زەردەشت دوو ملوين (گاتە = فەرموودە)ى بەهۆنراوە گوتووە ، پاشايەتى مادەكان لە سالەكانى (٥٥٠)پ-ز بووە .

مادەكان پێش (٢٥٥٠)پ-ز لە كوردستاندا ووزەى (نەوت=نفط) يان دۆزيوەتەوە بۆ دروستكردنى خانووبەرەو كارى سەربازى بەكاريان هێناوە .

ئەوروپيەكان بەنەوتيان دەگوت(ڕۆنى ماد)ەكان زاناى گەورەى عەرەب (إبن خلدون) دەلێت ، مادەكان باپيرانى كوردن – حسن پيرنيا مێژوو نووسى فارسى دەلێت لە مێژووە بەناو بانگەكەيدا (إيران ناسان) مادەكان باپيرە گەورەى كوردن و دەلێت – شێوەزارى (موكرى و ماچۆى شێوە زمانى مادەكان بووە).

## ئەو پەرتووکە دێرینانەی پێش زاینی بە زمانی کوردی ڕەسن نووسراون

١-ئاڤێستا - ٢- زەند -٣- دینی کورد -٤- یوندمەن -٥- دانستان -٦- دینیك -٧- ئارتایی -٨-وێراڤنامە -٩- کارنامە - ١٠- کارنامەی ئەردشێری بابك -١١- یانکار -١٢-زرێران - ١٣- رێلك -١٤-خوسرەوی -١٥- گواتان -١٦- وەشتربگنان -١٧- خوانای نامە -١٨- خودان نامە -١٩- روستم نامە -٢٠- رۆستەم و زۆراب -٢١- کلیلەو دمنە - ٢٢- نەوشێروان کوردی دادوەر ،

ئەم پەرتووکانەیش بە کوردی نووسرابون لە سەردەمی ساسانیاندا کردیان بە فارسی

-٢٣- وامیق و عەذرا -٢٤- وەیس ڕامەتی -٢٥- ئەسکەندەرنامە -٢٦- بوردارسب -٢٧- بانوهەر -٢٨- شیرین و فەرهاد -٢٩- خسرەو و شیرین -٣٠- بارا منامە

-٣١-گوشاسب نامە -٣٢- بەهمەن نامە -٣٣- روستەم نامە -٣٤- شەهریارنامە -٣٥- جهانگرنامە -٣٦- فەرازەر نامە -٣٧- برزوونامە -٣٨- بەختیارنامە -٣٩- هەزار ئەفسانە (الف ليلة و ليلة) .

ئەم پەرتووکە ئاینیانەی زەردەشتی بە شێوازاری ماچۆییو مووکری نووسراونەتەوە .

-٤٠- گاتا = گواتا = ووتە - فەرمووودەکانی زەردەشت پەیامبەر کە پێك هاتوون لە(١٢) ملوین هۆنراوەی ئاینی و لە (١٢) بەرکدا نوسراونەتەوە ، ئازەر برودیکوڕی هەمەد یەکێکە لە خەلیفەکانی زەردەشت لە پەرتووکە بەناوبانگەکەیدا (دین کورد) دا دەلێت .

(من کە ناوم ئازەر بوودی کوڕی هەمەدم و پێشەوای بادینانم پەرتووکی دینی کورد )م لەم کاغەزەدا نووسیوەتەوە .

زاناو خەلیفەی زەردەشتی سەردەمی ساسانیان (ئازەربادی ماراسە پەند)

ئەم زانا مەزنە بەرزەی زەردەشتی بە (٢٢) پشت دەگاتە (مەنووچەری کوڕی فەریدون) کەیەکەم پاشای کاوانیان بووە ئەم بەرهەمە نایابانەی بە کوردی و بە شێوەزاری (ماچۆ)ی ئەو سەردەمە نووسیوەتەوە .

٤١- ڕاڤەیئاڤێستا = تفسیر -٤٢- پەشیمانی — یان تۆبە نامەی ئێرانی . -٤٣- واچەك چەندئازەرباد ماراسەپەند -٤٤- پەند نامە لە شێوەی پرسیارو وەڵامدا نوسراوەتەوە لە نێوان خۆیی و یەکیك لە خوێندکارەکاندا -٤٥- وەسیەت نامە کە پێك هاتووە لە (١١٦) بڕگەی ئامۆژگاری گشتی کە بۆ کوڕەکەی نووسیویەتی سەیری پەرتووکی (ئاڤێستاویەکتا پەرستی بکەن) .

زاناو خلیفەی زەردەشتی (پیرشالیاری ئاهورامانی) خاوەنی پەرتووکێکی زۆر بەرزوپیرۆزە پڕە لە ئامۆژگاری ئاینی و نیشتمانی بەنێوی -٤٦- (پیروماریفەت) تا ئەمرۆش پێوە خەڵکی کوردستان هەورامان بەتایەبەتی چێژی لیٚ وەردەگرن لە ساڵەکانی ١٩٢٢- ١٩٢٣زاینی کاتی ئیگلیزەکان پێیان خستە سەر خاکی هەورامان لە پێش هەموو شتێکدا سەرقاڵی دۆزینەوەی ئەو پەرتووکە بوون

سەرەڕای شاردنەوەی لە لایەن دانیشتوانی هەورامانەوە سەرەنجام دۆزیانەوە و بردیان بۆ (لندن) و بەپەلە وەریان گێڕایە سەر زمانی (ئینگلیزی – ئەڵمانی – فەرەنسی) تا ئیستا ڕەش نووسەکە لە مۆزەخانەی (بریطانیا)دا پارێزراوە لەسەر پێستی (ئاسك) نووسراوەتەوە بە شێوەزاری (ماچۆ)ی دێرین لەم پەرتووکەدا (پیرشالیار) پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاماژەی پێکردووە کە هەواڵی داوە ئاینی ئیسلام وەدەردەکەوێت ئاینی زەردەشتی و سەرجەم ئاینە ئاسمانیەکان دەسڕێتەوە (نسخ) دەکاتەوە .

دەفەرمێت (وەورێ وارۆنە وەورە وەرێنە) .

-٤٧- زانای ئەستێرەناسی کورد (تەنگ گەلۆ) کە لە پەرتووکە مێژوویەکاندا بە (شەنگولێ) ناو بانگی دەرکردووە و لە دەورو بەری چیای (جوودی)دا ژیاوە لە کوردستانی ژووروودا ئەم زانایە (٧٠١) ساڵ پ.ز ژیاوە پەرتووکێکی بەنرخی بەنێوی (هەستیرەناسی) بەزمانی کوردی داناوە .

-٤٨- (ئاریانە) زاناو پزیشکێکی کوردە لە ساڵەکانی (٦٨٨)پ.ز ژیاوە پەرتووکێکی پزیشکی هەر بە نێوی خۆیەوە بەزمانی کوردی نووسیوە .

**ئەو جێگەو ئاسەوارانەی لە پێش زایدا لە کوردستان ناوبانگیان هەبووە زۆربەیان لە پەرتووکی ئاڤێستادا ناویان هاتووە**

١- ناوچەی (ئەتروپاتین = ئازربایجانی) خوارووو و ژوورو .

٢- ئاهورامان = هەورامان

٣- بەڵخ = بەڵخە گوندێکە لە هەورامانی لهۆن .

٤- کەنۆسە = کۆسەی هەجیج - گوندێکە لە هەورامانی تەخت.

٥- پیرشالیار - پیرشالیاری هەورامان لە گوندی کۆسەی هەجیج.

٦- گوندی ساوکەنەت = ساوجی - گوندێکە لە هەورامانی مەریوان.

٧- گۆلی - زەرنومەنت = گۆلی - زرێبار لە مەریوان لە ئاڤێستادا بەو شێوەیە ناوی هێنراوە .

٨- گوندی - هەنجەمەن = ئەنجومەن - سەربە شارۆچکەی مەریوانە.

٩- گوندی – ئەسپەڕێز – ئەسپەریێز= هەورامان – چیای شاهۆ .

١٠- گوندی – دەئیزە ئەورە = دەزاوەر – هەورامانی لهۆن .

١١- پردی – وەنەنت = وەندد – پردێکی دێرینە لە هەورامانی لهۆن.

١٢- قەڵای گەرۆتمان = میروەتمان – زۆردێرینە لە گوندی کەیمنە هەورامان .

١٣- چیای – هەرابێرێزەئیتی = هەرات کێویە کەلە نزیك – دزاوەر لە هەورامان .

١٤- گوند – کێمنە – کەیمنە – لە هەورامانی لهۆن .

١٥- چیای ئەسنەوە–ئاسن ئاوا–کێوێکە نزیك پێنجوین و مەریوان.

١٦- توون = گێژەنگە ئاو (هاموون = توونی هاموون) دەربەندیخان.

١٧- هامون – ناوی وەرزە (هاموون = هاوین) لە هەموو بەشەکانی کوردستان .

١٨- گوندی (وەسنە = وەسنە) نزیك بە شاری مەریوان .

١٩- ئاسەواری – (وەراوەرە – وەروەرە) نزیك بە گوندی كەیمنە هەورامان .

٢٠- شوێنەوار و نەزەرگە (پەئۆرفەت = پیرپیروت) هەورامان .

٢١- قەڵای (كارگورد = كەركوك) پایتەختی هاوینەی گۆتی و میدیەكان بووە .

٢٢- قەڵای (خۆرمۆتۆ = خورماتوو) شاری خۆریەكان ١٥٠٠ پ.ز.

٢٣- قەڵای (هۆرلێر= هەولێر) = (ئەربائیلۆ = أربیل) دەستكردی گۆتیە كانە ٦٠٠٠ پ.ز .

٢٤- دەشتای (زاموا = ساموا) دەشتی شارەزوور ئاشوریەكان بەم نێوەوە ناسیویانە .

٢٥- شار (شاری شارەزور= بە (نیم – أز – را) بە نوسینی پ.ز فارسەکان .

٢٦- شار (خورماڵ = خۆرمال) واتە جێگەی خۆریەکان (خورماو) یش هاتووە .

٢٧- شار (المدائن = میدیون) بەواتای شاری میدیەکان .

٢٨- ئاسەوار (کورد ئاوا = کورد ئاوا) نزیك پایتەختی ساسانیان .

٢٩- چیا (چیای جودی = گوودی) لانکەی دووەمی مرۆڤایەتی لە کوردستان .

٣٠- ناووچە (شیدەر = پشدەر) ناوچەی ڕانیە – سلێمانی .

٣١- شارەدێ (مەرجین = مەرگە) شارەدێی مەرگە لە پشدەر .

٣٢- قەڵاو شارۆچکە (ئەرمۆنە = هەرمۆتە) نزیك بە شاری هەولێر .

٣٣- گوند (سیناجیان = سنجان) نزیك به شاری سلێمانیه .

٣٤- گوندی (سێدەر = سێدەر) سەر بەشاری سلێمانیه .

٣٥- گوندی (شارستێن = شارستین) سەر باشاری سلێمانیه .

٣٦- چیا (ئەزمیر= ئەزمڕ) دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی سلێمانی .

٣٧- ناوچە (قرمگان = گرمگان = گەرمیان) پانتایی دەشتی گەرمیان.

٣٨- گوند (دوو گۆمان = دوو گۆمان) ناوچەی پشدەر .

٣٩- شار (ساوج بلاخ = سابلاخ = مەهاباد) پایتەختی کوردستانی ڕۆژهەلات.

٤٠- شار (بایخ = بانە) کوردستانی ڕۆژهەلات .

٤١- شار (ئەرمانی = ئەرمەن = أورمیە = رضائیە) ئازربایجان .

٤٢- شاروچکە (داکۆکا = دیٚ کۆکا = داقوق) سەر بە شاری کەرکوك .

٤٣-شارۆچکە (گولاڵە = جلولا) سەر بە پاریٚزگای(دەیاڵە = دیالی).

٤٤-شار (قرماسین = ماسپزان = کرماشان) کوردستان رۆژ هەلاٚت.

٤٥-شارۆچکە (خانگین = خانقین = کاروانسەرا) پاریٚزگای دەیاڵە.

٤٦- هەریٚم (هەریٚمی چیا = کوردستان) بەگشتی .

٤٧- رووبار (دەیاڵە = دەباڵە = دیالی) پاریٚزگەیە لە عیٚراق .

٤٨- ئاسەوار (حلوان = هەلاٚوان = هەڵمان) نزیك بە سەرپیٚڵ زەهاو ئەم شارە لە ساڵی (١٦)ك ناوەندی پایتەختی هەریٚمی چیابوە.

کە بە ناوەندی ئۆستانی شاد پەرویٚزناسراوە بە ناوی باوکی (قوبادی پەرویٚز) ەوە ناوبانگی دەرکردووە کە ئەمیرو سەرکرەی ئەم شارە بوە و ئەم شارانەیش سەر بە ئەم ناوەندە بووە .

١- هەڵاوان ٢- فەیروز قوباد ٣- کۆهستان ٤- نامەڕاه ٥- ئاربل – أربیل ٦- خانقین .

کە بەم شێوەیە کارگێڕیەکانی دابەشکراوە .

١- حلوان = هەڵاوان ناوەند بووە ٢- فەیروز قوباد ٣- قەسرشیرین ٤- نامەراه = شارەزور – خورماڵ ٥- ئاربل = أربیل = هەولێر ٦- خانقین – خانگین = کاروانسەرا .

ئەمزانیاریانە لە پەرتووکی غورسیر ملوك الفرس نوسەرەکەی أبو منسور ثعالیی لە ساڵی ١٩٠٠ لە پاریس لە چاپدراوە .

جێگەی گوتنە لە ساڵی (١٦) کۆچی سوپای ئیسلام گەیشتە ئەم ناوچەیە بە سەرۆکایەتی (سعدی کوڕی وەقاس) قوبادی کوڕی فەیرووز سەرکردەی ناوەندی (هەڵاوان= حلوان) بوو کەزانی ئەمە سوپای ئیسلامە وە هاوەڵانی (پێغەمبەر (محمد)ن) سەلامی خودای لە سەر بێت و پەرتووکی ئاڤێستاو گواتەکانی زەردەشت ئاماژەیانی بۆ ئەم رووداوە گرنگە کردووە بە خۆیو سەرجەم بەرپرسانەوە چوونە

پێشوازی سوپای ئیسلامو سەرکردە (سەعد)ەوە باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام هێناو (سەعد)یش قوبادی هەر بە سەرکردایەتی گەلەکەی هێشتەوە بڕوانە (کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامدا) .

٤٩- دەشتایی (ماسپەزان) دەشتێکە دەکەوێتە لای ڕاستی شاری(حلوان) .

٥٠- دەشتایی (ماهی دەشت = ماهدشت) نزیك بە شاری کرماشانە.

٥١- شار (رەقە = رەقە) شارێکە لە کوردستانی ژوورو .

٥٢- شاری (رەها = رەها) شارێکە لە کوردستانی ژوورو .

٥٣- شار (جملین = جەملین) شارێکە لە کوردستانی ژوورو .

٥٤- شار (کفرداران) شارێکە لە کوردستانی ژوورو .

٥٥- شار (مەرددینی = ماردینی) شارێکی زۆر جوانە لە باکوری کوردستان .

٥٦- شار (تەلی مەرزە = تەلی مەرزە) شارێکی زۆر جوانە لە باکوری کوردستان .

٥٧- شار (چاوگەی گوڵ = رأس العین = سەرکانی) شارێکی زۆر جوانە لە باکوری کوردستان .

٥٨- شار (دارا = دارا) شارێکی زۆر جوانە لە باکوری کوردستان.

٥٩- شار (بیرحا = بیری حا) شارێکی زۆر جوانە لە باکوری کوردستان .

٦٠- شار (باعما = باعمە) شارێکی زۆر جوانە لە باکوری کوردستان .

٦١- شار (نصیبین= نوسەیبین) ئەم شارە لە ساڵی (٥-٦) کۆچیدا نوینەریان بۆ مەدینەی پیرۆز رۆیشتوە .

٦٢- شار (نوسەیبین) شارێکی دێرینی کوردە لە ساڵی (١٧) کۆچیدا شوورەیەکی پتەوو قەڵایەکی تێدا هەبووە چواردەرگەی

هەبووە بە نێوی ١- دەرگەی شاخ ٢- دەرگەی سنجار ٣- دەرگەی بازار ٤- دەرگەی رۆم .

٦٣- شار (سنجار = شەنگار) لە کوردستانی خواروو دایە .

٦٤- شار (ئامێدی = عمادیە) میرنشینێکی گەورەی کوردی تێدا بووە زۆربەی سەردەمەکانی سەربەخۆ بووە تا ئێستاش ئاسەوارەکانی دەسەلاتی ئەو سەردەمە هەرماون . لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا ژنێك بە نێوی (مریم) کە لە سەر ئاینی مەسیح بوە ئەمیرو سەرکردەیان بووە بەبێ جەنگ لە تەك هاوەلاندا رێککەوتوون بەشێکیان بە (سەرانە - الجزیە) و بەشێکیان ئاینی ئیسلامیان پەسەندکردووە لە سالی (١٨)ك .

٦٥- گوند (نزول = دابەزین) ئەمگوندە لە سەرسنگی چیای (جودی) یە بەهۆی دابەزینی کەشتیەکەی (ناخ= نوح) پەیامبەرەوە (د.خ) لەم جێگەیەدا بەو شێوەیە دەناسرێت .

٦٦- شار (میاه فرقین = میافارقین) شارێکی کوردیە و سەر بە جەزیرەی (إبن عمر)ە واتە (بۆتان) ە دانیشتوانەکەی زۆربەیان (فەلە) مەسیح بوون لە سالّی (١٧-١٨) کۆچیدا ئیسلام بون بەدەستی سەرکردەی ئیسلام (عیازی کوڕی غنم) .

٦٧- شار (ئەکباتانا = هەمەذان = هەمەدان) ئەم شارە خۆشەویستە دەکەوێتە کوردستانی رۆژهەلاّت و یەکەم پایتەختی (گۆتی و مادە)کانە .

٦٨- شار (نەهاوەن = نەهاوەند) سەر بە هەرێمی چیایە لە کوردستانی رۆژهەلاّت .

٦٩- شار (ماهین = دینەوەر)سەر بە کوردستان رۆژ هەلاّت .

٧٠- شار (بەرازە روز = بەلەدروز) سەر بە کوردستانی خوارووە.

٧١- شار (مەهروت = میهرووز) کوردستانی رۆژ هەلاّت .

٧٢- شار (بەندەجین = مەندەلی) کوردستانی خواروو .

٧٣- ناوچە (بارەزی = برازیج) لەسەر ووچیای (حمرین)دایە .

٧٤- ناوچە (رازانات = هەوتەغار) ناوچەی کەرکوك .

٧٥- ناوچە (خولنجان = خوێلێن)ناوچەی کرکوك .

٧٦- شار (کەرخێنی = کەرکوك) ناوچەی کەرکوك

٧٧- ناوچە (تەرخ جدان = قەرەسەن) ناوچەی کەرکوك .

٧٨- شار (خاینجار = قەرەهەنجیر) ناوچەی کرکوك .

ئەم شارانە سەربە ئۆستانی (باجرمی = بیس گەرمای گەرمیان بوونە – کە دەکاتە کەرکوکی ئیستا .

٧٩- زێی (ئازات = ئازاد = ئراس) ئاوێکە بە نێوان سنوری ئیران و رووسیادا تێپەڕ دەکات .

٨٠- شارەدێی (دوین = نوین) لە کوردستانی رۆژ هەڵات وا زانراوەباپیرانی سەلاح الدین ئەیەبی لەم جێگەیەوە کۆچیان کردووە.

٨١- گوند (هەشتانین = هەشتاین) بە یەکەم گوندو شارستانیەت دەناسریێت لە سەرسنگی چیای جودی دروستکراوە لە لایەن (ناخ = نوح) پەیامبەرو هاوەڵانیەوە کاتێك لە کەشتیەکە دابەزین .

٨٢- شار (شیرناخ= شار ناخ) دەکەوێتە سەرووی چیای (جودی گودی) یەوە پەیامبەر (ناخ و هاوەڵانی ئەم شارەیان بە نێو (ناخ = نوح) پەیامبەرەوە دروستکردووە لە کوردستانی باکور .

٨٣- شارەدێی (درا = دەرداە) سەرەرێگە بە شارۆچکەیەکی بچووك گوتراوە (دەرراە) واتە سەرە رێگە لە ساڵەکانی شەشەمی زاینی دروستکراوە کە دەکەوێتە نزیك شاری (حەلوان) و نێوان بەغداو هەرێمی چیا ئێستا کەمێك لە ئاسەوارەکانی ماون .

٨٤- ناووچە (بلاددجن = بادین = بادینان) کەخەڵکی ئەم ناوچەیە لە پەرتووکە مێژوویە دێرینەکاندا بە (هاوەڵانی باگنی = اصحاب الباجن) دەناسرێن لە ساڵەکانی (٧-٦) کۆچیدا سەردانیمەدینەی پیرۆزیان کردووە بەناوی کاروان کردنەوە وباوەڕ یان بە ئاینی ئیسلام هێناوە .

٨٥- چیا (هیبتون = هەیبەسولّتان) لە رۆژهەلاّتی شاری کۆیەدایە سەربە پارێزگای هەولێرە .

٨٦- شارۆچکە (بکرورد = بەمهرووز) سەر بەشاری مەندەلیە .

٨٧- ئاسەوار (نوزی= چیای دوکان) دەکەوێتە نزیك شاری دووکان.

٨٨- شار (ئەرەنجا = کەرکوك) لەسەردەمی ئاشوریەکاندا بەم نێوە ناسراوە .

٨٩- (کوڕوخانی = کوڕی خانی) ئاسەوارە لە نزیککەرکوك .

((ئەم دەوڵەتانە لە کوردستاندا حکم رەوایان کردووە))

١- جۆدی = گوتی ٢- مادەکان ٣-ئاشوریەکان ٤- دیسانەوە مادی بچووك ٥- بیشدادیەکان فارس بوونە ٦- ئەخمینیەکان ئەمانەش فارسن ٧- ئەسکەندەری مەقدوونی و جێگرەکانی رۆمی یونانی ٨- پرتی = ئەشکانی فارسی ٩- ساسانیەکان تا وەدەرکەوتنی ئاینی ئیسلام لەساڵەکانی (١٧-١٦) کۆچی ١٠- لە ساڵەکانی (٤٣٨ك) – (٣٥٠ك) بەدەست کوردە وە بووە ١١- لەساڵەکانی (٤٤٠ك) حکومەتی (حەسنەوی = حسن وای) کوردیە وەبووە.

١٢- دەسەڵاتی سالاری مەرزەبانی کە بە باپیرانی سەلاح الدین ئەیوبی و لە هۆزی (رەوادی) کوردیە.

١٣- لەم کاتەدا دەوڵەتی کوردی نەماوە کەوتووەتە دەستی سەلجوقیەکان کە تورکی داگیرکەرو بکوژ بوونە .

١٤- ئەتابەگەکان – کەمێك دەسەڵاتی کوردی گەڕاوەتەوە .

١٥- دەوڵەتی ئەیوبیەکان کە کوردن و مظفر الدینی زاوای سەلاح الدین ئەیوبی و مێردی (رابعە خاتون) بوو ، ئەم پیاوە پاشای هەولێرو

رەواندووزو شارەزووریش لە ژێر دەسەڵاتیدا بووە وولات لە سەربە خویدا ژیاوە .

١٦- مەغۆلەکان کە دەکەنە باپیرانی (تورك = تورکمان) ئەمانە دوژمنی سەرسەختی زانین و زانیاریو نەتەوایەتی بوون جگەلە جەنگ لە تەك کوردا هیچ رۆڵێکیان لە چاکە نەگێڕاوە .

١٧- دەوڵەتی (جەلائیری)یەکان ئەم دەوڵەتە تورکە تارادەیەك کورد تێدا بووژاوەتەوە نەك لە شێوەی سەر بە خۆیی .

١٨- دەوڵەتی مەڕی ڕەش تورکمانی ئەمانیش لە تاڵانو ماڵ وێرانی کورد شتێکی دیکەیان ئەنجام نەداوە .

١٩- دەوڵەتی مەڕی سپی تورکمانی ئەمانیش لەوەی پێشو خراپتر بوونە بەرامبەر بە کورد .

٢٠- تەیمور لەنگ لە ساڵی (٨٠٢)ك بەرامبەر بە (١٤٠٠ز) ئەمەش لە کوشتنی خەڵك بەولاوە هیچی دیکەی نەکرد .

٢١- دەوڵەتی (فارس سەفەوی) شیعە دوژمنی ڕاستەقینەی گەلی کورد و ئاینەکەی بووە .

٢٢- سەربەخۆیی بەشێکی کوردستان گەورە بە چەند ئەمارەتێکی کوردی بچووك لە ژێردەسەڵاتی عوسمانیەکاندا .

١- بابانەکان ٢- ئەمارەتی زەنگنە ٣- ئەمارەتی ئەردەڵاٚن ٤- ئەمارەتی سۆران ٥- ئەمارەتی بادینان ٦- ئەمارەتی بەدرخانیەکان لە جزیرەی إبن عمر .

٢٣- دەسەڵاتی (عوسمانی) بۆماوەی (١٠٠) ساڵێك ئەمارەتە کوردیەکان لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا بوون و لە کۆتایدا سەرجەم ئەمارەتەکانی تێکداو رووخاندیودەسڵاتی خۆی بەسەریاندا زاڵ کرد .

٢٤- لە ساڵەکانی ١٩٢٠ حکومەتی داگیرکاری ئینگلیز کوردستانی خوارووی داگیرکرد .

٢٥- حکومەتی شێخ محمودی نەمر لە سلێمانی ئینگلیزەکان بەریوە بەرایەتیەکان بۆ دابین کردوو هەر خۆیانیش بە پەلەلێیان سەندەوەو دووبارە کوردستانیان داگیر کرد .

٢٦- حکومەتی عێراق ئیمڕۆ لە لایەن داگیر کەرانەوە دروستکراو لە رۆژی ١٩٢٣/١٢/٢٣ کوردستان خرایە سەر حکومەتە زۆڵەکەکەی عێراق بەبێ پرسی دانیشتوانەکەی و تائێستایش پێوەی دەناڵێنین .

((ساسانیەکان کێن))

ئەمبراتۆریەتی ساسانیان لە کوردستان و ئیران و (مۆسوبۆتامیا) بین النهرین و ئەرمینیادا حکم ڕانیان کردووە لە سەدەی (٤٠٠)پ.ز دامەزراوە .

دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانیان (ئەردەشێری کوڕی بابك)ە لە دوای مردنی (یەزد گورد) کوڕی بوو بە پاشاو لەسەرتەخت دانشت .

پایتەختی ساسانیان شاری (مدائن = مادایان) بوو بەواتای شاری میدیەکان .

ئەم پایتەختە تەنیا (٢٥) فەرسەخ لە شاری ئێستای بەغداوە دوورە.

(یاقوتی حەمەوی) کە مێژوو نوسێکی گەورەی عەرەبە خاوەنی پەرتووکی (معجم البلدان)ە دەڵێت ساسانیان شارێکیان لە نزیك (مدائن) دروستکرد بەناوی (کورد ئاوا) تەبەری دەڵێت ئەردە شێری کوڕی بابك کوڕی ساسانی زراریە – زراری هۆزێکی بەناو بانگی کوردە و لە دێر زەمانەوە هەبوونیان هەیە تا ئەمڕۆیش پێوە لە کوردستانی گەورەدا دەژین و زۆریش بەناووبانگن .

دیسان تەبەری دەڵێت پاشای (هەخامەنشی) پاشای فارسەکان (ئەردەوان) لەیەکێك لە جەنگەکانیدا لەتەك ساسانیاندا بە شێوەیەك سوپاکەی شکا تا وولاتی فارس خۆیان بۆ ڕانەگیرا – سەرەنجام نامەیەکی بۆ ئەردەشێری بابك نارد کە ئەمە دەقەکەیەتی ((إنك قد غدوت طورك و إجتلبت حتفك أيها الكردي المربي في خيام الأكراد من أذن لك في التاج التي لبسته و البلاد التي أحتويته عليها وغلبت ملوكها و أهلها – ومن أمرك ببناء المدينة التي أسستها في الصحراء)).

بەواتای ((تۆ خۆت لێگۆڕاوە مردنت بۆ خۆت هێناوە ئەی ئەو کوردەی لە ڕەشماڵی کوردانا گەورەبوو ، کێ ڕێگەی پێدای ئەو

تاجە لەسەرکەی کە لە سەرت کردووە ، یا ئەو وولاّتانەی دەستت بەسەریاندا گرتووە و پاشاکانیانو دانیشتوانەکانیان ژێر دەستە کردووە کێ فەرمانی پێکردی ئەو تەلارو شارانە لە بیاباندا دروست بکەیت)).

مێژوو نوسی رۆژهەلاّتناسی رووسی (ئیگۆر میخائیل) لە پەرتووکی مێژووی (میدیا) دا دەنوسێت –

گەلی (جودی = گودی) پێش (٢٠٠٠)ساڵ پ.ز پەیوەندیان لە گەڵ (ئەکەد)یەکاندا هەبووە بۆ نموونە ژمارەیەك لە کوردە مادەکان فەرمانرەوایان لە مەڵبەندی ئەکەدییەکاندا کردووە .

لە سالّی ٦١٢پ.ز مادەکان و ئەکەدییەکان هاوپەیمانیەکیان بەست بۆ رووبەروو بوونەوەی ئاشوریەکان بۆ ئەوەی بتوانن بەم کارەیان خۆیان و گەلو هۆزەکانی ناوچەکەیان لە ستەمی ئاشوریەکان رزگار بکەن سەرەنجام هەردوو لا وبەیەك بڕیار هێرشیان دەستپێکرد .

ئەکەدیەکان کەمێك دواکەوتن لە هێرشەکەیانداتا ئەمان گەیشتنە شاری (تکریت) مادەکان گەمارۆی شاری (نەینەڤا = نەینەوا)

پایتەختی ئاشوریەکانیان داوبە پیلانێك توانیان (بەربەند = سد) ەی ئاوی (فرەهات = فورات) برۆخێنن .

شاری نەینەڤایان داگیر کرد و پاشان ئەکەدیەکان گەیشتن بە هیچ شێوەیەك جەنگیان بە تووشەوە نەبوو .

پێش (٢٠٠)ساڵ پ.ز ژمارەیەکی زۆر لە هۆزە (هیندی و ئەورووپیە)کان لە ولاّتی ئاسیاوە کۆچیان کرد بەرەو وولاّتی (ماد و ئێران) ی گەورە تێکەڵ بە فارس و مادو ئاریەکان بوون ، لە دوایدا کشان بەرەو وولاّتی (ئەفغان و پاکستان و هیندستان) .

زۆربەی هۆزەئاریەکانی ئێرانی گەورەش تێکەڵیان بوون و لە تەکیاندا کۆچیان کرد بەرەو ئەو وولاّتانە.

ئەوەیان لە پانتای ئێرانی گەورەدا مانەوە لە نێو گەلانی ئێرانیدا توانەوەو ناویان و ناسنامەی (ئەخمینی و کوردو مادیان وەرگرت) .

مێژووی پەسندکراوی ڕاستەقینەی مللەتی کوردو زانستی ئەمرۆ وەدەری خستوە کە گەلی کورد رەگەزی دەگەرێتەوە بۆ (جودی = گوودی) یەکان .

کەلە کەشتیەکەی (ناخ = نوح) پەیامبەردا بون و لە چیای (جودی = گودی) بۆ یەکەم جار دابەزین.

هەر لەو جێگە پیرۆزەشدا دەستیان بە ژیانی دووەمیان کرد لە سەرسنگی چیای (جودی = گودی) بۆ یەکمجار ((نوح)) پەیامبەر فەرمانی پێیان کرد (گوند = ئاوای) یەك دروستبکەن کە لە (٤٠) خانوو پێك هاتبوو ناویان ناو گوندی (هەشتانین) ئەمەش بۆ ئەوەی رمزێك بێت بۆ ئەو (٨٠) ژنوو پیاوەی لە کەشتیەکەدا بون کە ٤٠ ژن و ٤٠ پیاو بوونە .

**((دەسەڵاتی کورد لە خۆر ئاوای کوردستانی رۆژهەڵات – لە ٢٦٧٠پ.ز – ١٧٩٤ز))**

نووسەری لێهاتووی کوردی فەیلی (حسين كاكى) دەربارەی ناوچەی عیلام = ئیلام و هۆزەکانی (فیلی = فەیلی) و لەك و لوڕو – کەلوڕ و بەختیاری دەنوسێت .

مێژوونوسی گەورەی جیهانی (هۆکرکروتە) هۆزە فەیلیەکانی دا وەتەپاڵ (عیلامی = ئیلامی) یەکان ناوی فیلی لە ناوی پاشاکەیانەوە وەرگیراوە (بێلی = فیلی) دەسەڵاتیان لە ساڵی (٢٦٧٠پ.ز) دەستی پێکردووە .

ئەمپاشایە (١٢) کوڕی هەبووەو سەرجەمیان پاشابوونە کۆتاییان (أتیشوشینال)ە لە ساڵی (٢٢٢٠) لە ناوچەی ئیلام لەدەسەڵات بووە.

پایتەختی ئەم پاشایە شاری (أوان = ئاوان) بووە کە ناوێکی کوردی ڕەسەنەو دەکەوێتە نزیك کەنداوی فارسی و دەریای عەرەبەوە .

مێژوونوسی گەورە (جورج کامیرون) دابینی کردووە (شاری شوش) لە لایەن پاشا (بیلی) یەوە دروستکراوە هەروەها (أولترهینش) جەختی لەسەر ئەوەکردووە تەوە کاتێك پەرستگەی (کربریشای)ی دۆزیەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٢٥٥٠)ساڵ پ.ز لە لایەن پاشا (بیلی) یەوە دروستکراوەو وێنەی خۆیشی لە سەر دیوارەکانی هەڵکۆڵیوە .

کوردستان بە دێرینترین شارستانیەت لە پێنوس دەدرێت لە جیهاندا سۆمەریەکانیش لە دوای (جودی = گودی) یەکان لە پێنوس دەدرێن لە کوردستاندا و لەنێوان(بين النهرين = دوو روبار) زۆربەی توێژەرە مێژوویەکان باوەڕیان وایە سۆمەریەکان لە کوردستانی باکوور دابەزیون و ئەوان نەوەی گوتیەکانن و لە خوارووی عێراقدا نیشتەجێ بوونە و ئەوەیان داوەتە دواوە گوایە لە دورگەی عەرەبەوە هاتونە وەك هەندێك باوەڕیان وایە .



پویکەری ژنە سۆمەریەك مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠٠ ساڵ پ.ز

لە مێژوودا دابین کراوە ئەو نەتەوانەی دۆزرانەتەوە لە جیهاندا لە کوردستان بوە ئەوانیش (جودی =گوودی) یەکانن کە لەسەرەوەی شاری (نەینەڤا = نەینەوا = موسل) دا بووە بێگومان ئەوانیش باپیرانی گەلی کوردن کە ئێستا لە کوردستاندا دەژین .



وێنەی کاسەی سەری مرۆڤێکی (نیاندرتاڵ)ی دێرینی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە ٧٥هەزار سالـچ پ.ز

مێژووی دروستکردنی قەڵای هەولێروکار کورد = کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ (٦٠٠٠)ساڵ پ.ز لەلایەن (جودی = گووتیەکانوە) دروستکراوە کە باپیرانی کوردن .

مێژوو نوسان بەدووری نازانن سۆمەریەکان پاش ماوەی گۆودیەکانبن و کوردیش پاشماوەی سۆمەریەکان بێت ناوی پاشا بەناو بانگەکەیان لە مێژوودا بە (کلکامێش) هاتووە بێگومان ووشەیەکی ڕەسەنی کوردیە (کل) بەواتای گەورەو بەهێز (گامێش) ئاژەلێکی گەورەو بەهێزە ئەم پاشایە لە سالی(٢٧٠٠)پ.ز ژیاوە وداستانیکی هۆنراوەی هەیە کە ئێستا لە جیهاندا بلاوە دوور نییە سۆمەریەکانو

گۆودیەکان هەرلەو مێژووەی سەرەوەدا پێکەوە ژیابن ، هیچ گومان لەوەدانیە گۆودیەکان باپیرانی کوردن لە ساڵی (٢٢١١)پ.ز دەستیان بەسەرهەموو خاکی عێراقی ئێستادا گرتووە شاری ئێستای (کووت) لە خوارووی عێراق ئەوان بە نێوی خۆیانەوە دروستیان کردووە ودەستیان بە سەرعێراقدا گرتووە زیاتر لە (١٠٠)ساڵ دوابەدوای جۆدی و سۆمەریەکان ئیلامیەکان وەدەرکەوتن و شان بە شانی ئەوان یا لە دوای ئەوانیش(أموريون = ئەمووری)یەکان دەستیان گرت بەسەر ناوچەکەداو دەسەڵاتی سێەمی سۆمەریەکانیان تێکشکان .

لە دوایشدا گۆودیەکان و سۆمەریەکان وئیلامیەکانو ئەمووریەکانیش لە هاوانی (أكديه = ئەکەدیە) کاندا کوتران و تێکەڵبوون و توانەوە کە هەموویان باپیرانی کورد بوون .

بەڵام شاری (بابل)ی ئێستا سەرکردەی ئەمووریەکان دروستی کرد کە ناوی (أبم = ئەبم) بوو لە ساڵی (١٨٩٤پ.ز) دا هەندێك لە مێژوو نوسان باوەڕیان وایە دروستگەری دەوڵەتی بابلی (سومرۆلا إيلوم) بوە .

لە دوای ئەمانەیش نەژادی (کیش) وەدەرکەوتنی لە ناوچەکەدا فەرمانرەوای وولاّتیان بۆ ماوەی (٤٠٠)ساڵ بەدەستگرت ئەم نەژادە لە ناوەڕاستی ولاّت وەدەرکەوتن لە زنجیرە چیاکانی (زاگرۆس)ەوە بەرەو خوار رۆیشتن بەرەو لوڕستان بێگومان ئەم جێگەیش نیشتمانی کورد و روو بە ناوچەی (عانەوڕاوە) هێرشیان بردوو دەستیان بەسەردا گرت ، وشەی (عانە) لە (خانە)وە هاتووە بەواتای ماڵ خانوو دێت ووشەی (ڕاوە) یش کوردیەکی پەتیە .

یەکەم پاشای نەژادی (کیش) (هرکندش) بووە و ناوبانگترین پاشایان (أکۆم= ئاکۆم)ی دووەم بووە و توانیویەتی دەست بگرێت بەسەر شاری (بابل)دا ، یەکێك لە پاشاکانیان کە ناوی (کورد یانزۆ)ی یەکەم بووە بە تەواوی دەستیگرتووە بەسەر پاشایەتی (بابل)دا شاری دێرێنی (إیشا)کە عەکەرکوفی ئێستایە وێران و کاول کرابو سەر لە نویێ نۆیێ ژەنی کردەوە .

لەسەرەتای ساڵی هەزارەی یەکەمی پێش زایندا دەوڵەتی (میدی)بچوك وە دەرکەوت لە کوردستانن رۆژهەلاّت یەکەم پایتەختی دەسەلاّتەکەیان شاری دێرینی (ئەکباتانا = هەمەزان = هەمەدان) بوو پاشای بەدەسەلاّتو زۆر بەهێزیان (هۆخشتەر = کەیخورسرەو یا کەیقود بوو) لە ساڵی

٥٣٩_٥٥٥پ.ز کوڕشی پاشای پارس توانی دەسەڵاتی ماد بڕۆخێنێت و بیخاتە سەردەسەڵاتەکەی خۆی بەمەیشدەسەڵاتی کوردی ماد کۆتایی پێهات.

لە هەمان کاتدا ئەو میرنشینە کوردیانەی سەر بە دەوڵەتی ماد بوون لە ئێراندا لایەنگری خۆیان بۆ پاشا کۆرش یەکەم دەربڕی و ئەویش لەدەسەڵاتو ناوچە جوگرافیەکانی خۆیاندا هیشتیانەوە ئەو میر نشینانەی ئەو سەردەمە ئەمانە بوون :

١- میرنشینی براخۆی ٢- میرنشینی زەنگنە ٣- میرنشینی کیکانی ٤- میرنشینی گۆرانی ٥- میر نشینی سارۆنی ٦- میرنشینی غوزداری ٧- میرنشینی ئەرمیلی ٨-میرنشینی بۆلانی ٩-میرنشینی کریشکانی.

دەوڵەتێك لە خۆر ئاوای ئێراندا دروستبو بەناوی دەوڵەتی (فیلان شاه) ئەمەش لە دوای گەیاندنی ئاینی ئیسلام لە نەوەکانی ئەم پاشایە (بەهرامی گور)ە ، هەر لەم ناوچەیەدا و لە ساڵەکانی (١١٨٤ك-١٥٩٨ز) دەوڵەتێك دروستبو بە ناوی (ئەتابەگی) خورشیدی فەیلی دامەزرینەکەی (شجاع الدین خورشید أبو بکر کوڕی محمد کوڕی خورشد) .

مێژوونوسی عەباسی عەزاوی ئاماژە دەکات کە شجاع الدین لە نەژادی قەیتول و بەدەرومالیمان و قەیتاس و باولك و مال خەتاوی )یە کە ئەم هۆزانە زۆربەیان بەهۆزە فەیلیەکان دەژمێردرێن ئەم هۆزانە باپیرە گەورەیان یەك کەسێکە بەناوی (جەژنی) ناوە ڕاستەکەی (هۆمان)ە یەکێکە لە کوڕەکانی بەدرالدین کوڕی سعودی خورشیدی ، جێی گوتنە ئەم نەژادە زۆربەیان بەدەستی خوێنرێژ (شاعەباسی سەفەوی یەکەم) کۆتایان پێهات بێگومانئەودوژمنی سەرسەختی گەلی کوردو دەسەڵاتەکانیان بوو .

لە دوای نەمانی شاعەباس یەکەم فەیلیەکان گەڕانەوە دەسەڵات هەتا وەدەرکەوتنی (شارەزا خانی بەهلەوی) کەئەمیشدوژمنێکی سەرسەختی گەلی کورد بووە لە سالی ١٩٢٩ز ئەو ناودارانەی هۆزی فەیلی لەو سەردەمەدا ئەمانە بوون :

١- حسین قولی خان ٢- علی مراد خان ٣- اسماعیل خان ، ئەم ناودارانە توانیویانە قەڵەم ڕەوی دەسەڵاتەکانیان لە ناوچەی ئیلامەوەی درێژبکەنەوە تا دەگەیشتە روباری (دەچلە = دیجلە) کوردە فەیلیەکان لە ساڵی (١٥٢٤ز) دەوڵەتێکیان دروستکرد لە عێراق بەسەرۆکایەتی (ذو الفقار تخود) ناز ناوی (تخود)ئاماژەیە بۆ

هۆزی تخودی لەك – عەباس عەزاوی دەڵێت ئەو لە هۆزی (کەڵوڕ) بوە وەدەستی گرتووە بەسەر شاری بەغدادا لە ساڵی ١٥٢٤ز دەوڵەتێکی کوردی لە بەغدا پێکهێناو رەوشتو دادوەری زۆرجوانی لە عێراقدا بڵاوکردەوە لەم بارەیەوە مێژوو نوس محمد ئەمین زەکی بەگ یش هەروەها دەڵێت لە مێژووی کوردو کوردستانەکەیدا ، شا (تەهماسب) فارسی ئێرانی سوپایەکی بێشوماری تەیار کردو ناردی بۆ سەر بەغدا (ذو الفقار) شەهید کراو بەغدایش کەوتە دەستی فارسە خوێنرێژە چەپەڵەکان .

لە کۆتایی دەسەڵاتی شا عەباسی سەفەوی دووەم ئێرانیدا دەوڵەتێکی کوردی لە خوارووی عێراقدا دروستبو بەناوی دەوڵەتی (الدیرانیە = دێرانی) بە سەرکردایەتی (ئەفراسیاب شاە) ئەم ناوچەیە سەر بە پارێزگەی بەسریە و تائێستاش شارێکی لییە بەناوی (دێر) ئەم پیاوە والی دەوڵەتی عوسمانیەکان بوو لە شاری بەسرە لە عوسمانیەکان هەڵگرایەوە و بانگی پاشایەتی بۆ خۆیدا لە سەربە سرە ناوی دەوڵەتی نادەوڵەتی دێری لە بەر ئەوەی خۆی لە دایك بوی ئەو شارە بوو لە دوایدا خوارووی ناوچەی خوزستان و شاری (کبان)ی خستە سەر دەوڵەتەکەی ژمارەیەك زۆر خەڵکی عەرەبی هۆزی (بنی کعب)ی

هێناولە ناوچەكەدا نیشتەجییانی كرد و سەرەك هۆزەكەیانی كە شێخ بدرالدین كەعیی بوو كردی بە بەرپرسیاری كارگێڕی ناوچەكان بە سەركردایەتی أفراسیاب – ئەوزە ویانەی دەكەوتنە نێوان سێ گۆشەی روباری كارون و كەناری عەرەبەوە بەزەوی فەیلیەكان بەنابانگە ئەمنێوە لەسەردەمی شێخ غەزعەلی كەعب ولەدوای ئەویش شێخ مزعل هەر بەو شێوەیە ناسراوە .

تا ئەوبەندیخانەو تەلارەی لە سەردەمی شێخ مزعلدا دروستكراوە هەر بە نێوی (فەیلیە)كانەوە دەناسرێت ، ئەم دەسەڵاتەی فەیلیەكان بۆماوەی (٧٢)ساڵ بەردەوام بوولە ئەنجامدا بە هێرشێكی گەورەی عوسمانیەكان رووخاو كۆتاییپێهات .

لە ساڵی (١٧٠٥ز) دەوڵەتی (كریم خانی زەند) وەدەركەوت سەرجەم خاكی ئێرانی خستە ژێردەسەڵاتەمەیانەوە جگە لە ناوچەی (خۆراسان) دەستی گرت بەسەر شاری بەسرەیشدا ئەوەی ئاشكرایە هۆزی زەند لە هۆزی (لەك)ی بەناوبانگ جیابوونەتەوە .

نووسەری مێژوو (محمد علی سلطان) هەروەها (عەباس عەزاوی) و (فریدریك شوبول وە سایکس بیکۆ) پشت راست ئەوەیان کردووە تەوە .

ئەم دەسەڵاتەی کەریم خان بە هاتنی قاجاریەکان لە ساڵی (١٧٩٤ز) کۆتا پێ هات ، سەرجەم دەسەڵاتەکەیان پڕ بوو لە دادوەری و یەکسانی و برایەتی و ئازادی لە نێوان گەلانی ئێراندا ، هەمیشە سور بون لە سەر مافی دراوسییەتی لەتەك دەوڵەتەکانی دەوروبەردا .

کوردستان لە ساڵی (١٦٣٩ز) دابەشکرا لە نێوان دەولەتی ئێران و عوسمانیەکاندا بە فەرمانی سلگان مرادی چوارەمی عوسمانی و شا عەباسی سەفەوی دووەم ئەورێکەوتنە بە ڕێکەوتنی (زەهاو) دەناسرێت ، یان بە ڕێکەوتنی قەسری شرین .

لە ساڵی (١٩٣٩ز) دیسانەوە واژوو لەسەر ئەورێکەوتنە کرا لە نێوان دەسەڵاتی تورکیا و ئێران و بەئاگاداری حکومەتی عێراق و بەچاودێری دەوڵەتی بەریتانیا و بەم شێوەیە دابەشکرا ، ناوچە کوردستانیەکان کران بە سێ بەش ١- لوڕستان ٢- پشتکۆ ٣-

ئیلام ، ئەو زەویانەی سەر بەکوردستان بوون و دەکەوتنە سەرەوی کەرکوك و خوارووی عێراق (بەسرە) لـكێنرانە دەوڵەتی عێراقەوە.

نێوی عێراق عەرەبی لە پەرتووکی (ئاڤێستا)دا بە (إیراکستان) هاتووە و نێوی بە سرەش بە (دەشت میسان) ئەمەش بەزمانی میدیەکان ئەوکاتەی لەم ناوچانەدا لە دەسەڵات بوونەمێژوو نوسی عەباسی عەزاوی دەلێت شاری (عمارە) شارێکی کوردی بووە و ناوی ڕاستیەکەی (دووزێیان)ە تا ئاماژەبێت بەهەردوو رووباری (دووچلە = دجلە و فرەهات = فورات) کە لەو ناوچەیدا تێکەڵ دەبن و وشەی زێی لە زمانی کوردیدا بە رووبار دەگوترێیت لە شێوەی نێوی شاری قەڵا دووزێ = دزێ کەراستیەکەی (قەڵا دووزێی)یە .

شاری بەغدا لە بنامادا وشەیەکی کوردی پەتیە بەواتای (بغداد = باغ داد) دێت وشەی بە واتای دەسەڵات (باغی دەسەڵات) .

ژمارەیەکی زۆر لەگەلی کورد لەکاتی بەرێوەبردنی دەسەلاتەکانیاندا لە خوارووی عێرا ق بە جێ ماون و ئێستا گۆڕاون و کراون بە عەرەب لە (حلە – حی – ناسریە – بصرە – عمارە – علی غربی – شیخ سعد – کوت – دیوانیە) .

ئه‌وكوردانه‌ی له‌شاری دیوانیه داده‌نیشن ١- البو شهیب به‌شێكن له هۆزی شێخ بزێنی ٢- البو عمران ٣- البو عرجان ٤- البو دریعی ٥- البو موسی ٦- البو تاكو ٧- البو مطخ ٨- البو طلحة له نزیك الطهمازیه .

١- الجربه ٢- الحلیمه هۆزی هه‌مه‌وه‌ند .

١- البو عنگود ٢- البو صفر ٣- البو هدول ٤- البو بیره ٥- البو هجول ٦- البو موسی ٧- البو خیری و سه‌روكیان كاظم احمد العباده یه ئه‌مانه له هۆزی (دزه‌ی)ین .

تیره كانیان : ١- البو عبید ٢- البو عوده ٣- البو هادی ٤- البو عیان ٥-البو عبد سید ٦- البو حاجی ٧- البه‌و حنان ، سه‌رۆكی ئه‌م تیرانه شێخ مشعان ال مغیر .

## (( روداوە مێژووییە گرنگەکانی کوردستان ))

١- لە ساڵی (٦١٢)پ.ز دەوڵەتی ئەمبراتۆریەتی ئاشور لە شاری (نەینەڤا = موسل) بەدەستی مادەکان رووخا بە هاوپەیمانیەتی (ئەکەد) یەکان لە بابل – سەرکردەی ئەمهێرشانە لە لایەن (کیاکسار = کیخسرەو) پاشای مادەوە دەکرا .

٢- زەردەشتی پەیامبەری کورد لە ساڵەکانی (٤٨٥-٥٢٢)پ.ز ژیاوە وئاینەکەی بڵاوکردووە تەوە و داریوش دووەم هاوکاری کردووە .

٣- کیا کسار – کەیخسرەو پاشای ماد لە ساڵی (٧٠٠پ.ز) ئەمپراتۆریەتی مادی دروستکرد .

٤- لە ساڵەکانی (٣٠٠٠-٢٨٠٠) نوسینو خوێندنی بە زمانی کوردی هەبووە و ژمارەیەکی زۆر پەرتووکی پێ نوسراوەتەوە .

زانای گەورەی عەرەبی (ئەحمەدی کوڕی وحشییەی نەبەتیە) لە پەڕتووکە بەناو بانگەکەیدا (شوق المستهام فی معرفه رموز الاقلام) ، کە لە ساڵی (٢٤١ك) نوسیویەتی ئاماژەی پێداوە .

٥- لە ساڵی (٥٥٥-٥٣٥)پ.ز دەوڵەتە گەورەکەی (ماد) بە دەستی (دار یوش یەکەم) پاشای پارسە رەگەز پەرستەکان رووخا تەنیا لە نێو پایتەختی (ئەکباتانا = هەمەدان) و دەوروبەریدا (١٥٠٠) هەزار کوردیان کوشت .

٦- لەسەرەتایی مانگی سەفەری ساڵی (١٦)کۆچیدا سوپای ئیسلام گەیشتە خاکی کوردستان بۆ یەکەم جار دەقەی لە دەرگەی شارۆچکەی (جلولا = گولاڵە) دا دانیشتوانەکەی کە کورد بوون باوەڕیان بە ئیسلام هێنا .

٧- لە کۆتای مانگی سەفەری ساڵی (١٦) کۆچیدا سوپای ئیسلام گەیشتە شاری (حلوان = هەڵاوان = هەڵمان) .

ناوەندی (هەرێمی چیا = کوردستان) ئەمیرو فەرماندەیان (قوبادی کوڕی فەیروز) بوو بەگوێرەی ئاماژەی پەڕتووکە زەردەشتیەکان بە ئاینی ئیسلام پێشوازیان لە سەرکردە (سعدی کوری وقاس) و سوپاکەی کرد و باوەڕیان بە ئاینی ئیسلام هێناو شاری کرماشانیش لەتەك ئەماندا موسڵمان بوون .

سعدی کوڕی وەقاس فەرمادە – قوبادی هەرلە جێگەی خۆی هێشتەوە وە ئەمیری هەرێمی چیا – کوردستان .

٨- لە ساڵی (٥) کۆچیدا (ماموانی گاوانی کوردی) خواناس و زاناو یەکتا پەرستی زەردەشتی هەواڵی وەدەرکەوتنی ئاینی ئیسلامی وەبەرگوێ کەوت لەرێگەی ئەو کاروانانەوە سەردانی شاری (مەدینە)ی پیرۆزیان دەکرد ، هەندێك لەو باوەڕداران کە پەیامبەر (د.خ) چوەتە خەوی و بانگی کردە بۆ لای خۆی – رۆیشت بۆ شاری (مدینە)و بۆ ماوەی (٥) ساڵ لی لای پەیامبەر (د.خ) مایەوە و لە ساڵی (١٠)کۆچیدا نامەیەکی لە لایەن پەیامبەر (د.خ) پێدراوە بۆ (نەوشیراوانی داد پەروەر) فەرماندەی هەرێمی چیا لەو سەردەمەدا تێدا بانگهێشت کرابو بۆ ئاینی ئیسلام ئاشکرایە پەیامبەر (د.خ) لە ساڵی (١٠) کۆچیدا دەستی بەنامە ناردن کرد بۆ بەرپرسەکانی دەوڵەتەکان بەتایبەتی زل هێزەکان لە شێوەی (یەزدگوردی ساسانی – هەرقلی رۆم) .

٩- لە رۆژی ١٢ ربیع الاول ساڵی (٥٨٣)کۆچی پاشای کورد لە هەولێر (مظفر الدین کەلبوری) توانی پیلانی (جوولەکە)کان ئاشکرا

بکات و هەڵوەشێنێتەوە کە ئامادەیان کردبوو بۆ دەرهێنانی لاشەی پیرۆزی پەیامبەر (د.خ) لە گۆڕەکەی و بردنی بۆ جێگەیەکی نادیار.

١٠- لە رۆژی یەکشەممە (١٥) مانگی رەجەب ساڵی (٥٨٣)ك رۆڵەی نەبەردی کوردی رەوادی سەلاح الدین ئەیوبی بە هێزێکی (٦٠) هەزار کەسیەوە هێرش کردە سەرخاچ پەرستەکان (قدس)ی پیرۆزی لە دەستیان رزگار کرد .

١١- نرام سین پاشای ئەکەدیەکان کوڕەزای (سەرگون)ی ئەکەدی لە نێوان ساڵەکانی (٢٢٩١-٢٢٥٥)پ.ز هێرشی کرد سەر ناوچەی (گۆتی و لۆلۆ)یەکان لە ناوچەی شارەزوور بێ بەزەیانە کوشتارێکی زۆری لێکردن ئەم سەرکەوتنەی لە ناوچەی (قەراخ = قەرەداغ) لەدەربەندی (گاور) تۆمارکردووە ئاسەوارەکەی تا ئێستایش بەرچاوە.

١٢- پاشای ئاشوریەکان (تیگلات پلاسەر) لە ساڵەکانی (١١٧٧-١١١٥) پ.زلە نووسراوەی خشتە قوڕینەکانیدا باسی هێرشەکانی خۆی دەکات بۆ سەر باکوری کوردستان و دەڵێت .

توانیم (٢٠) هەزار کەس لە پیاوەکانیان بگرم و (٥) کەسیش لە پاشاکانیان هەموویانم کوشت ولاشەکانیانم بەسەر چیاکاندا بڵاو کردەوە و هەموویانم سەربڕی و کەلـەسەرەکانینم بە کۆمەڵ لـەتەنیشت شارە وێرانەکانیانەوە دانا .

ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین ئەوکاتە دەزانین نەك تەنیا سەدام (جینوسایدی) مانی کردە چەندجارێ دیکەیش ئەمەکراوە .

١٣- (جۆدی = گۆودی) یەکان بەدرێژایی سەدەیەك حکومڕانی وڵاتی ئەکەد – بابل یان کردووە و ئەمەش نەخشەی ماوەی حکوم کردنی پاشاکانیانە لە ناوچەی بابل لە ساڵەکانی (٢٢٢٨-٢١٢٨)پ.ز .

| ناوی پاشاکە | | ماوەی حکم کردنی | ناوی پاشاکە | | ماوەی حکم کردنی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئیمنا | دوو ساڵ | ١١ | ئیرالاگات | سێ ساڵ |
| ٢ | ئینگیشو | شەش ساڵ | ١٢ | کورسۆم | یەك ساڵ |
| ٣ | ئیکبلاگات | شەشە ساڵ | ١٣ | | سێ ساڵ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | شولی | شەش ساڵ | ١٤ | | دوو ساڵ |
| ٥ | ئیلۆلۆس | شەش ساڵ | ١٥ | ابرانۆم | یەك ساڵ |
| ٦ | ئینیماباگش | پێنج ساڵ | ١٦ | هالبۆم | دووساڵ |
| ٧ | ئیگشارش | شەش ساڵ | ١٧ | پرزۆرۆسین | حەوت ساڵ |
| ٨ | ئیرارۆم | دوو ساڵ | ١٨ | ئیرالاگاندا | حەوت ساڵ |
| ٩ | ئیرالاگات | یانزە ساڵ | ١٩ | | حەوت ساڵ |
| ١٠ | ئیسبات | سێ ساڵ | ٢٠ | تیریگان | ٤٠رۆژ |

سەرجەم (٢٠)پاشاو (٩١)ساڵ و (٤٠)رۆژ بووە .

١٤- (کاشی = کاسی) کاسیەکان کە بە بەشێك لە باپیرانی کورد دەژمێردرێن لە دەورو بەری ساڵەکانی (١٧٦٠پ.ز) ، لەسەر رووباری (سیروان) دا دەنیشتن پەلاماری وولاتی بابیلیان دا و داگیریان کرد پاشان وڵاتی سۆمەریانیش داگیرکرد ماوەی دەسەڵاتەکەیان لەم ناوچانەدا شەش سەد ساڵ بەردەوام بوو تا ساڵی (١١٧١پ.ز) .

یەکەم پاشایان کە بابیلی داگیرکرد بە شا (گاندیش) دەناسراو بەناوبانگ ترین پاشاکانیان بوو .

١٥– لە ماوەی ساڵەکانی (١٥٠٠–١٣٦٠پ.ز) بەدەوڵەتێکی بەهێز دروستبو بە نێوی دەوڵەتی(میتانی = هۆری = خۆری) پایتەختیان لە ناوچەی (خاپور) بوو لەسەر رووباری (فورات = فرەهات) دەسەلاَتو قەڵەم رەویان درێژ بووەتەوە تا رۆژ ئاوای دەریای سپی ، پاشان شاری (ئەرەبخا = کارکۆك = کەرکوك) یان کرد بە پایتەختی دەوڵەتەکەیان – پاشماوە دیرینەکانیان بەشی دوەمی قەلاَی کەرکوك و قەلاَی خورماتووە لە ناوچەکەدا .

١٦– لە ساڵی (١٢٠٠پ.ز) پاشای ئاشوریەکان (ئاشور ئۆبالّتە) توانی سەرکەوێت بەسەر دەوڵەتە گەورەکەی (میتانی = خۆری) دا سەرەنجام دیارنەمان مێژوو نووسان لەو باوەڕەدان کشابێتنەوە بۆ چیاکانی (ئەرمینیا) ئیتر مێژوو باسیان بە هیچ شێوەیەك ناکات .

١٧– ئاشوریەکان لە ساڵەکانی (٩١١–٨٩١پ.ز) زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستانیان داگیر کرد و (ئەرەبخا = کەرکوك) یان داگیر کردووکردیان بە پایتەختی دووەمیان وەك پایتەختی ئاینی دەوڵەتەکەیان دەژمێردرا ، شارەدێی (لاإلان = لەیلان)ی ئێستا کە لە ناوچەی قەرە سەندایە جێگەی ئەوپتانە بوون کە بە خودای

خۆيانيان دەژمارد و لە ئاسەوارى (لەيلان تەپە = وێرغان تەپە)ى ئێستادا دانراون كەدووگردۆڵكەن لە دەووروبەرى لەيلان.

١٨- لە ساڵەكانى (٨٩١-٨٩٠پ.ز) (ئاشور پانيپال)ى دووەم بەهێزێكى زۆرەوە هێرشى كردبۆ ناوچەى سلێمانى و شارەزوورلە دەربەندى (بابيتا = بازيان)ەوە بۆ سەر دانيشتوانى ناوچەكە كە پێك هاتبون لە (گۆودى و لۆلۆ)يەكان .

لەتەك دانيشتوانى ناوچەكەدا رووبەروو بوونەوە لە دواى جنگێكى خوێناوى زۆر (گۆدى) يەكان كشانەوە بۆ چياى(پير عومەرگرون = پيرەمەگرون) لۆلۆ يەكانيش كشانەوە بۆ چياى (كورە كاژاو) ودەوروبەرى بەم شێوەيە ئاشوريەكان ناوچەكەيان داگيركردوو لە دواى تالآنكردنو كوشتنى خەڵكى سفيل سەرجەميان وێرانكردو كۆيلەيانيان كردوو لە تەك خۆياندا برديانيان بۆ شارى نەينەڤا .

١٩- لە ساڵى (١٧٦٥ز) على پاشا والى دەوڵەتى عوسمانى لە بەغدا هێرشێكى زۆر گەورەو بەهێزى كردە سەر ناوچەى (سليمانى و شارەزوور ) جەنگەكە لەدەربەندى (باسيان = بازيان)ەوە دەسپێكرد (عبد الرحمن پاشاى بابان)بەهێزى سوپاى بابانەوە پێشيان

لیّان گرت لە دوای جەنگێکی خوێناوی عوسمانیەکان سەرکەوتن بە سەر هێزی بابانیەکانداو سەرەنجام عبد الرحمن پاشا خۆی دا بەدەستەوە بەبەندکراوی نێردرایە شاری (حلە = بابل) لە خوارووی عێراق لەو شارەدا بەدەسبەسەری مایەوە .

٢٠- لە دوای شکانی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگەکانیدا لە عێراق لەتەك ئینگلیزەکاندا کشایەوە بۆ تورکیا ئینگلیزەکانی داگیر کەری عێراق لە رۆژی ١٩١٩/٦/١٩ز هێرشیان بۆناوچەی سلێمانی لە دەربەند بازیانەوە دەسپێکرد هێزەکانی (شێخ محمودی نەمر) پێشی لیّیان گرت لە دوای جەنگێکی زۆر سەخت (شێخ) بریندار بوو سەرەنجام بە خیانەتی کوردێك بە دیل گیرا و بەبەندی رەوانەی (هیندستان)کرا .

٢١- کورد لە سەدەکانی (١٢٥٠=١١٦٩ز) و لە نیوەی سەدەکانی ساڵی کۆچیدا بە رۆژێکی پڕ لە شانازیدا تێپەڕی کردە و مایەی سەربەرزیو شانازی گەلانی رۆژ هەڵاتی ناوەڕاست بووە ، ئەوەش بەدروستبونی دەوڵەتی (ئەیوبی ئیسلامی کوردی) بەسەرکردایەتی سەلاحەالدین ئەیوبی بۆ ماوەی (٨١)ساڵ بەردەوامبوو لەدەسەڵات .

٢٢- لە ساڵی (١١٩١ك)محمود پاشای بابان وولاّتی بەجێ هێشت چوو بەرەو تورکیا لە (ئەستانە) دانیشت ابراهیم پاشا برازای لە جێگەی ئەو لە سەرتەختی ئەمارەتی بابان دانیشت .

٢٣- لە ساڵی (١١٩١ك) ابراهیم پاشای بابان (قەلاّ چۆلاّن)ی بە جێ هێشت و سلێمانی کرد بە پایتەختی ئەمارەتەکەی ،

٢٤- لە ساڵی (١٨٥٥ز) ژمارەی هێزی (بەدرخان) بە سەرۆکایەتی سوپا سالار (یەزدان شێر) گەیشتە (١٠٠)هەزار چەکدار سوارە وپیادە لە نێویاندا عەرەب و یۆنانی دەبینران قەلەم رەوی دەسەلاّتیان گەیشتە بەغدا .

٢٥- ساڵەکانی (١٨٢٠-١٨٠٠ز) دوا میری ئەمارەتی ئەردەڵەنیەکان (ئەمان الله خان خوسرەوی کوڕی بوون) دواتریش لە ساڵی (١٨٦٥ز) غلام شاخان داوە دەسەلاّتی ئەمارەتی ئەردەلاّن بوو لە دوای ئەوفارسەکان داگیریانکرد .

٢٦- لە رۆژی ٢٢أب ساڵی (١٩٢٢ز) ابراهیم خانی دەلۆی هاوڕێ لەتەك خزمو چەند سەرك تیرەیەکی کوردی ناوچەکەدا سەرکەوتن سەر چیای (باوەشاسوار) لە شارۆچکەی کفری و دواتر

هێرشیان کردە سەر ئینگلیزەکان و شارۆچکەی کفریان رزگار کرد دەسەڵاتێکی ناوخۆیان دامەزراند.

٢٧- لە نێوان ساڵەکانی (١١١٧-١١١٦ز) نادر شای ئێرانی خوینرێژ سەرجەم کوردە زەنگەنەکانی دانیشتوانی شاری (کرماشان)ی بەزۆر ڕاگوێز (ترحیل) کرد بۆ شارەکانی نێو ئێران بو (خۆراسان – شادیلی – قەزوین – ئەمیر لوو) شیرازو کەلەوەن عبدوو ژمارەیەکی زۆریان خۆیان کۆچیان کرد بۆ دەرەوەی ئێرانو (ئەرمینیا) لە ناوچەی (قارس) نیشتە جیێ بوون ژمارەیەکیانلە (ئەردەهان و قاقەزمان) نیشتەجیێ بوون تا ئێستاش بوونیان لەو ناوچەیە هەیە و بە شێوەزاری (ماچۆ) دەدوێن مێژوو نووس مینورسکی ئاماژەی بۆ ئەم ڕاستیە کردووە .

٢٨- لە ساڵی (١٩١٦ز) رووسەکان کە لە ئازربایىنجانەوە روویان لە کوردستان کردبو لەلای (حاجی ئۆمەران–رەواندووز)ەوە هێرشیان هێنا بەنیاز بوون بچن بۆ بەغداو داگیری بکەن مامۆستایانی ئاینی کوردستان بڕیاری (غەزا= هێرش)یاندا هێرش رووس تا شارۆچکەی (سورداش) گەیشت و زیانی ماڵی و گیانیان بەدانیشتوانەکەی گەیاند بەبێ جیاوازی ژنوو مناڵو پیاوی پیریانیش

دەکوشت هێزی هۆزە کوردەکان بەسەرۆکایەتی (شێخ مەحمودی نەمر) کۆ بوونەوەو رووبە روویانەوە بوون و لە جەنگێکی سەخت توانیان هێرش کەیان بشکێنن و زیانی زۆر گەورەیانپێگەیاندن لە بەر ئەوەی ئەوان شارەزای ناوچەکە نەبوون تا نێو خاکی ئازربایجان خۆر ئاوا بەدوایانەوە بوون.

٢٩- لە مانگی ١٢ ساڵی (١٩١٦ز) هێزی داگیر کەری رووس لە خاکی ئازربایجانەوە سەر لە نوێ هێرشیان لە (هەڵبجە و تەوێلە و بیارە) وە بۆ هەمان مەبەست دەستپێکرد – کە لایەن (شێخ محمودی نەمرو شێخ عوسمانی سراج الدین)ی بیارەوە هێزێکی (فیدائی = خۆبەش) یان ئامادە کردبوو لە هۆزەکانی ناوچەکە .

سوارەکانی کورد هێرشێکی خۆبەخشانەیان کردە سەر هێزی دوژمن سەرەنجام دوژمن شکاو تا نێو خاکی ئێران بە دوایانەوە بوون و دەستکەوتی چاك دەس هێزی هۆزەکان کەوت .

٣٠- رووسەکان زانیان بە هیچ شێوەیەك ناتوانن بەسەر کوردستاندا تێپەڕن ئەم جارەیان لە دەڤەری (خانقین و مەندلی)یەوە دەستیان بە هێرش کرد .

ئەم جارەش سوارو پیاوە چەکدارەکانی کوردستان بەگیان بەخشینێکی بە باوەڕەوە لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستانەوە کۆبوونەوە و بە هێرشێکی شێرانە بۆ دوواجار شکانوو تا نێو خاکی ئازربیجان خۆر ئاوا بەدوایانەوە بوون و دەسکەوتێکی زۆریان لێیان گل دایەوە ئیدی تا خاکی روسا نەوستان .

٣١- لە ساڵی (١٠٣٥ك-١٦٢٥ز) میر سمایلی کوڕی میر نەوشێروان بە فەرمانی سوڵتان مرادی چوارەم سڵتانی عوسمانیەکان ئەمارەتی زەنگەنە لە کوردستانی خواروو لە ناوچەی زەنگەنە لە دێی (گەڕاوی) سەر بە ناوچەی کەرکوك ئاشکرا کردو دایمەزراند لە ساڵی (١٠٤٠ك-١٦٣٠ز) پایتەختەکەی گواستەوە بۆ ئاوای (قەیتول) .

لە ساڵی (١٠٥٠ك-١٦٤٠ز) پایتەختی هاوینەی ئەمارەتەکەی لەسەر رووباری (رۆخانە) کە دەکەوێتە (٤) کیلۆ مەتری سەرووی شارەدێی قادر کەرەمی ئێستاوە ناویان نا شاری (گومەیەل = مدینە القباب) .

٣٢- لە ساڵی (٩٧٥ك-١٥٦٧ز) لە شاری کرماشان ناوچەی ماهی دەشت میر نشینێکی کوردی ئاشکرا کرا بەسەرکردایەتی (القاس خانی کوری فارس خانی زەنگەنە) ئەم میر نشینە لە سەردەمی شا عەباسی دووەمدا بووە .

٣٣- لە ساڵی (١٠٢٥ك-١٦١٥ز) شا عەباسی سەفەوی دووچاوی ئیرەی برِیە ئەمارەتی زەنگەنە بەسەرکردایەتی میر نەوشیڕوان خان کەوتە بیانوو گرتن لە میر نیشینەکە و هێرشێکی زۆر گەورەی بۆ هێنا لە دوای (٦) مانگ جەنگ شا عەباس سەرکەوتە سەر ئەم ئەمارەتەو رووخانی لە دوای ئەوەی ٢٠٠٠ کوشتار لە سوپاکەی کەوت و (٦٠٠) چەکدار لە دانیشتووی شەهیدو بریندار کران .

٣٤- لە ساڵی (١٧٢٩ز) سەرکردەیەکی سوپای نادر شای ئێرانی بە نێوی (حسین قولی خانی زەنگەنە)بە (٥٠٠٠)هەزار سوارەو پیادەوە لە سوپای نادر هەڵگەڕانەوە و شاری کرماشان و دەورو بەرەکەیانداگیر کرد و سوپای نادر یان وەدەرهێنا (حسین قولی خان زەنگەنە) بەیارمەتی میر نشینی (کەڵوری) کە لە و سەردەمەدا لە

ناوچەکەیاندا ئامادەیان هەبوو میر نشینی زەنگەنەی لە شاری کرماشان و دەوروبەرەکەیدا بە نێو خۆیەوە ئاشکراکردو ڕای گەیان.

٣٥- لە ساڵی (١٧٣٧ز) نادر شا لە (ئەریوان) گەڕایەوە دوای ئەوەی ڕێکەوتنی لەتەك عوسمانیەکاندا واژۆ کرد هێرشێکی زۆر دڕندانەی کردە سەر ئەمارەتی زەنگەنەو کەڵور پاش(٥)مانگ جەنگی خوێناوی بەسەر ناوچەکانی هەردوو ئەمارەتەکەداو هەردوو میرە کانیش لە جەنگدا شەهید کران .

٣٦- لە ساڵی (١١٣٣ك) میر ئەحمەدی کوری میر سمایل زەنگەنە بە سوپایەکی زۆرەوە لە بەرەی قەراغ و لەدەربەندی بازیانەوە هێرشی کردە سەر ئەمارەتی بابان بەبێ جەنگ توانی ناوچەی بازیان وشارەزوور بخاتە سەر میرنشینەکەی خۆی شایەنی باسە لە ساڵی (١٠٥٥ك-١٦٤٥ز) میر محمدی بابان هێرشێکی توندی کردبوە سەر میرنشینی زەنگەنە بەشکستی بابانەکان پاش زیانی گیانی هەردوو لا جەنگەکە کۆتای هات .

٣٧- لە مانگی شوباتی ساڵی (١٩٣٨ز) ژمارەیەك لە سەرەك هۆزە کوردەکان کەپێك هاتبوون لە ١- سید محمدی جەباری ٢- کریم

فتاح بەگی هەمەوەند ٣- فقی محمدی هەمەوەند ژمارەی سوارە کانیان لە (٢٠٠)سوار زیاتر بوون هێرشێکی توندیان کردە سەر ئەوئینگلیزە دا گیر کەرانەی ناوچەی (پشدەرو رانیە) یان داگیر کردبوو ستەمیان بە دانیشتوانەکانی دەکرد لە جەنگێکی زۆر خوێناویدا ئینگلیزەکانیان شکان و دەسکەوتێکی زۆردەستی جەنگاوەران کەوت .

## رووداوە گرنگەکانی دوای ساڵی ١٩١٩ لە کوردستان تا کۆتایی شۆرشی ئەیلولی مەزن ساڵی ١٩٦١/٩/١١

١- لە رۆژی١٩١٩/٦/١٩ دەسەڵاتی داگیرکەری ئنگلیز هێرشیان کردە سەر دەربەندی بازیان بۆ داگیر کردنی شاری سلێمانی لە لایەن شێخ محمود و هێزەکەیەوە برنگاری بوونەوە .

٢- لە رۆژی ١٩٣١/٤/٥ هێزەکانی هۆزەکانی گەرمیان لە ئاوای(ئاوباریك) لە تەك هێزەکانی شێخ محمودی نەمردا رووبەرووی هێزەکانی ئینگلیزو پیاوەکانی بوونەوە جەنگ (٣)رۆژ بەردەوام بوو زیانێکی گەورە بەر دوژمن کەوت .

٣- لە سالّەکانی ١٩٤٥-١٩٤٤ میری عێراق بەیارمەتی ئینگلیزەکان هێرشێکی دڕندانەیان کردە سەر ناوچەکانی (بلەوبارزان) شێخ احمدی بارزانی و مەلا مستەفای برای بە هێزی بارزان روبە روویان وەستان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ چەنگ بەردەوام بوو بەناوی گەلی کوردەوە چەند داواکاریەك پێشکەش بە پاشایەتی ئەوسەردەمە کرا سەرەنجام رێکەوتن بەدیی نەهات و جەنگ بەردەوام بو ناوچەکە زیانی زۆری بەرکەوت سەرەنجام بارزانیان کشانەوە بۆ کوردستانی رۆژ هەڵات .

٤- لە رۆژی ١٢/١٧/ سالّی ١٩٤٥ سەرۆك قازی محمد ئالاّی کوردستانی لە سەر تەلاری کۆماری کوردستان بەرزکردەوە بانگی رزگاری بۆ گەلی کورد دا وئەم رۆژە ئیستا بە بە رۆژی (ئالاّ) یاد دەکرێتەوە .

٥- رۆژی ١٩٤٦/٤/٢٣ یەکگرتنی کۆماری کوردستان و ئازربایجان.

٦- رۆژی ١٩٤٧/٣/٣٠ لە سێدارەدانی (سەرۆك قازی محمدو هاوەڵەکانی) .

٧- رۆژی ١٩٤٧/٦/١٩ چوار ئەفسەرەکەی کورد لە لایەن رژێمی پاشایەتی عێراقەوە لە سێدارە دران .

٨- رۆژی ١٩٤٧/٦/١٨ مەلا مستەفای بارزانی دوای روخانی کۆماری کوردستان هاورِێ لەتەك (٥١٨) چەکداردا لە ئاوی (ئاراز) پەرِینەوە بۆ رِووسیا .

٩- لە رۆژی ٣٠-١٩٤٧/٣/٣١ (مینا خاتوون)ی خێزانی شەهید قازی محمد ئاڵای کوردستانی (ئەسپەردەی) دەست بارزانی کرد بە ناوی گەلی کوردەوە کە ئەو کاتە بارزانیو هەڤاڵانی لە چیاکانی دەوروبەری شاری (مەهاباد) بوون .

١٠- لە رۆژی ١١ ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ یەکەم تەقەی شۆرشی ئەیلولی مەزن دەستپێکرد و یەکەم شەهیدی ئەو رۆژە شەهید (سدیق رسول رحیم)ە لە دانیشتوانی ناوچەی شوان .

١١- رۆژی ١٩٦١/٨/١٠ مەلا مستەفای بارزانی بەناوی گەلی کوردەوە بیرخەرەوەیەکی نارد بۆ (عبد الکریم قاسم) سەرۆك کۆماری عێراق بریتی بوو تەنیا لە شەش داواکاری ئاسان گەورەکەیان خوێندن بەزمانیکوردی بێت لە کوردستان .

١٢- لە رۆژی ١٩٦١/٨/١٥ وەڵامی ئەو داواكاریە رەوایانەی گەلی كورد بە بۆردوومانكردنی گوندەكانی (بلە و بارزان و رێزانو شانیدەری)بوو ، بوبە هۆی كوشتنی ژمارەیەك خەڵكی سفیل لە ناوچەكەدا كە زۆر بەیان ژنوو منالو پیاوی پیر بوون .

١٣- رۆژی ١٩٦١/١٢/١٧ یەكەم و توو وێژ (المفاوضات) لە نێوان سەرۆك بارزانی و نوێنەری میری عێراق (عقيد حسن عبود) فەرماندەی (حامیەی موسل) ئەمەش لەسەر داواو خواستی عبد الكريم قاسم مەبەستیش لەم ووتو وێژە كوشتنی سەرەك بارزانی بوو لە رۆژو ساتی دیاریكراودا بریاردرا لە هاوینە هەواری سەرسەنگ دانیشن بۆ گفتوگۆ بە گەیشتنی وەفدی میری سەرەك بارزانی جێگەكەی گۆڕی بۆ شوێنێكی نادیار هێزەكانی ئاسمانی لە كاتوساتی دیاری كراوی كۆبوونە وەكەدا جێگەی دیاری كراویان بەسەختی بۆردوومانكرد لە بەر ئەوەی كەس تێدا نەبوو هیچ كەسێك زیانی بەرنەوكەوت جگە لەوخانوەی دیاری كرا بوو بۆ كۆبوونەوە كەیان لەو كاتەدا بارزانی بە (عقيد حسن عبود) نوێنەری عبد الكريم قاسمی گوت .

(سەیر كە ئەوە پیاوەتی حكومەتەكەی تۆیە تەنیا بۆ كوشتنی من گۆێی لە مردنی تۆو هاوەڵەكانت نییە)

١٤- لە رۆژى ١٩٦٢/٧/٢٧ شارەدێی (رێدار = شوان) لە لايەن هێزەكانى پێشمەرگەوە رزگار كرا بەرێوە بەرى شارەدێی و كۆميسەرو سەرجەم پۆليسەكان بەديل گيران بە ئەوپەڕی رێزەوە نێردارى بۆ بارەگەى (چەمى رێزان) هاورێی لەگەڵ دەسكەوتێكى زۆر چەك و تەقەمەنى و كەلو پەلى سەربازى وبێتەل شايانى باسە پۆليسەكان رۆڵی چاكيان گێرا لە بەدە ستەوەدانى شارەدێكە لەبەر ئەوە لەرێزەكانى پارتيدا بوون .

١٥- لە رۆژى ١٩٦٢/٩/٢٥ بۆ يەكەم جار لە نێو شۆرشى كوردستان شەپۆلى بنكەى بێتەل بەكار هێنرا بۆ ئەنجامدانى كارە سەربازيەكان و ئيداريەكان بەرۆژدا لە كاتژمێرى (٥) و بەشەودا لە كاتژمێرى ٩:٣٠ بەكاردەكەوت لەم جێگەيانەدا دانرابوون ١- بنكەى (ئاراس) بارەگەى بارزانى ٢- هێزى ئەسعد خۆەوى ٣- بنكەى (پ.د.ك) ٤- بنكەى چەمى رێزان ٥- بنكەى كارێزەى شوان ٦- بنكەى گەڵناغاب ناوچەى شێخ بزێنى .

١٦- شەوى ١١-١٢/١٠/١٩٦٢ هێزى (عيسى سوار) هێرشێكى توندى كردە سەر بيرە نەوتەكانى (عين زالە) لە موسل زيانێكى زۆريان بە بيرە نەوتەكان گەيان ئەمە تەنيا لە پێناوى ئەوە دا بووخاوەن

هاوبەشە نەوتیەکان ئاگاربینەوە بەم کارە بە هۆی هاوبەشە نەوتیەکانەوەدەنگی نارەزای لە گێتی بەرزبووە وە بۆ گەیاندنی دۆسیەی کورد بە جیهان .

١٧- رۆژی یەك شەممە ٣/شوبات سالّی ١٩٦٣ (٣٠٠) چەکدار (پێشمەرگە)ی کورد هێرشیان کردە سەر (ویستگەی) شەمەندەفەری (سلێمان بەگ) بەسەرکردایەتی (کمالّ مفتی) ژمارەیەك سەرباز و پۆلیس و کارمەند بە دیل گیران لەوانە ئەفسەرێکی نۆبەتچی شەمەندەفەرو کۆمیسەرێك بوون .

١٨- رۆژی هەینی ٨/ شوبات سالّی ١٩٦٣ لە کات ژمێری (٨) بەیانی ١٢ نیوەرۆ (٨) بەیانامە لە ئیستگەی بەغداوە بلآوکرایەوە تێدا هەوالّی کوشتنی عبد الکریم قاسمیان بلآوەدەکردەوە ، دانانی عبدالسلام عارف بە سەرۆك کۆماری عێراق احمد حسن بکر بە سەرۆك وەزیرانو بەرگری حسین تالیب شبیب وزیری دەرەوە لە بەیانەکانیاندا بەلّێنیان دەدا کە دان دەنێن بە مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق .

١٩- لە رۆژی ١٩٦٣/١١/١ هێزێکی زۆر گەورەی میری کەپێك هاتبوون لە سوپاو چەکدارە بەکرێ گیراوەکانی کورد هێرشیان کردە سەر ناوچەی (شوان و شێخ بزێنی و ئاغجەلەر) بەمەبەستی گرتنی (چەمی ریزان) رۆڵە دڵسۆزەکانی کوردستان رووبە ڕوویان وەستان دوو شەو دوو رۆژ جەنگێکی خوێناوی روویدا سەرەنجام هێرشبەران شکان و گەڕانەوە سەرکردەی هێزی کوردستان لە ناوچەکەدا (مام جلال تاڵەبانی) و هەڤاڵانی بوون .

٢٠- لە رۆژی ١٩٦٣/١١/٧ دیسانەوە میری هێزێکی دوو چەندانەی کۆکردەوە میلیشیای عەرەب و کوردیش بەزۆری بەشداریان تێدا کردبو لە سەرجەم بەرەکانەوە هێرشیان دەسپێکر بۆ سەرچەمی ریزان ، لەم جەنگەدا (هەیئەی سەربازی ئەم وڵاتانەیش تێدا بوو (ئێران – تورکیا – سوریا)) چاودێری بەریتانیایش تێدابوو ئیستگەی بێتەلی ئەم سوپایانە لە نێوفرقەی /٢ کەرکوك کاری دەکرد.

٢١- لە ١٠ حزیرانی ساڵی ١٩٦٣ میری عێراق هێرشێکی زۆر بەر بڵاویان کردە سەر ناوچەکانی کوردستان بەتایبەت ناوچەی (مێرگەسورو بارزان وچیای پیرس) لەهەمان کاتدا هێرشەکە بەر

ناوچەی سۆرانیش کەوت هێزەکانی پێشمەرگەروو بە ڕووی و بەرەنگاریەکی زۆرگەورە بوونەوە لەم جەنگەدا هێزی دوژمن پسپۆڕانی جەنگی بۆ خۆی بەکار هێنا لە شێوەی پسپۆڕانی(جزائر- یمن - هندستان - پاکستان - ترکیا) زۆربەی ئەو پسپۆڕانە کاریان دارِشتنی پیلانی سەربازیو نەخشەکانی جەنگیان دەکێشا لە شێوەی (المسح الجوی) بە فڕۆکە تایەبەتیەکانیان سەرەڕای ئەم هەموو (تکنیکی)یە سەربازیەی میری و هاوپەیمانەکانی سەرکەوتو نەبوو تەنیا پێشمەرگە نەبەزەکانو دانیشتوانی ناوچەکە قوربانی زۆریانداو خەسارەتی ماڵیش لێکەوتەوە .

٢٢- رۆژی ١٩٦٤/٢/١٠ رێکەوتن نامەیەك لەلایەن بارزانی و عبد السلام عارف بلاوکرایەوە وەهیچ سوودی نەبوو تەنیا مەبەستی بەرزانی لەوەدا بوو بەئاشتی چارەسەری کێشەکە بکات .

٢٣- رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ١٩٦٤/٧/١ کۆنگرەی شەشی پارتی دیموکراتیکوردستان لە قەڵادزی بەستراو بە سەرپەرشتی بارزانی (٦١٩ ) ئەندام بەشداریان تێدا کرد جگە لە چاودێرو مێوان هەر ئەندامێك هەڵبژێردراوی (٢٥)ئەندام بوون .

٢٤- رۆژی ١٩٦٥/٤/١ عبد السلام عارف جەنگی لە تەك کوردا دووبارە کردەوە و لە سەرجەم بەرەکاندا جەنگ دەستی پێکرد .

٢٥- لە رۆژی ١٩٦٦/٤/١٣ عبد السلام عارف سەرەك کۆمار لەکاتی سەرپەرشتیکردنیدا بۆ هێرشەکانی سوپاکەی بۆ سەر کورد فرۆکەکەی لە ئاسمان گڕی گرت و سووتاو کۆتای بە دەسەڵاتە خوێن رێژەکەی هات ، رۆژی١٩٦٦/٥/٢ عبد الرحمن عارف کرا بەسەرك کۆماری عێراق .

٢٦- لە رۆژی ١٩٦٣/٢/١٦ (عقید ماجد محمد ئەمین)کە یەکێك بوو لە سەرکردەو یارمەتیدەرانی شۆرش ١٤ تموز بەدەستی رژێمی عبد الكريم قاسم کوژرا لە بەرئەوەی کورد بوولایەنگری شۆرشی کوردستانی دەکرد .

٢٧- رۆژی یەك شەممە ١٩٦٣/٢/١٧ مام جلال تاڵەبانی لەگەڵ شەهید سالح یوسف بۆ یەکەم جار رۆیشتن بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆ و بیرخەرەوو یەکیان دا بە (کریم قەرەنی)کە نوێنەری میری بوو پێك هاتبوو لە (٦) خاڵی سەرەکی و (٢٠) خاڵی لاوکی .

٢٨- رۆژی ١٩٦٣/٥/٦ وەفدێك بە نێو شۆرشی کوردستانەوە رۆیشتن بۆ بەغدا بۆ چاوپێکەوتنی حاکمی عەسکەری و داواکردنی مافەکانی کورد کە پێکهاتبوون لە ١- مام جلال ٢- عگید ئامیدی ٣- هاشم عقراوی بەڵام هیچ بایەخێکی نەبوو .

٢٩- رۆژی ١٩٦٣/٥/١٦ وەفدی کورد رۆیشت بۆ (قاهرە) کەلە و کاتەدا کۆنگرەی یەکگرتنی (وحدە)ی تێدا دەبەسترا بۆ روون کردنەوەی مافی کورد لە و کونگرەیەدا بەیانی یەکگرتنی (عێراق – مصر – سوریا) درا بە هیچ شێوەیەك مافی کورد نەخرایە بەر نامەکەیانەوە سەرەڕای ئەوەی بەناوی گەلی کوردەوە بیرخەرەوە یەکیان لەسەر مافەکانی کورد پێشکەش بە کۆنگرەکە کردبوو .

٣٠- رۆژی ١٩٦٣/٦/١٠ هێزەکانی میری عێراق هێرشێکی بەر بلاّوو گەورەیان بۆ سەرجەم ناوچەکانی کوردستان دەس پێکرد میری بە بلاّوکراوە یەکی فەرمی بڕیاری دا کە جەنگی لەتەك کوردا دەستپێکردەوە و گفتوگۆی دایە دواوە بە بەکرێگیراوانی ڕاگەیاندبو (سەری کورد بۆ من ماڵیشی بۆ ئێوە) .

میری عێراق لەتەك هێرشەكەیدا داوای سوپای لەدەسەڵاتی سوریا كرد ئەویش (٢) هیزی تایبەتی نارد زۆربەیان زریێ پۆش بون لە نێویاندا چەكداری عەشایەری عەرەب دەبینرا .

٣١- رۆژی ١٩٦٣/٦/١١ جەنگ لەسەرجەم بەرەكانی جەنگ دەستپێكرد ئەورۆژانە بە خوێناوی ترین رۆژ دادەنرێت هەر لەم رۆژانەدا لە ١٩٦٣/٦/٢٢ نوسەری گەورەی كورد (ئەنوەر مائی) لە ناوچەی بادینان كاتێك سەركردایەتی بەرەیەكی دەكرد لە گەمارۆیەكی هێزەكانی دوژمندا شەهید كرا.

٣٢- لە رۆژی ١٩٦٣/١١/٧ رۆژانی ئابلۆقەی (چەمی رێزان) ژمارەیەك لە سوپای سوریا لەبەری كۆیەوە لە چۆمی (زیێ) پەڕینەوە بۆ ناوچەی (قەڵا سێوكە) لە دوای جەنگێكی قارەمانانەی پێشمەرگەكانی ناوچەكە توانیان بیانشكێنن و ژمارەیەكی زۆر كوشتارو بریندارییان لێكەوت و (١٠) چەكداریانیش بەچەكەكانیانەوە بە دیل گیران .

٣٣- رۆژی ١٩٦٧/٦/٥ جەنگی شەش رۆژەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل دەستپێكرد – عبد الرحمن عارف سەرەك كۆماری عێراق

بوو داوای لە سەرەك بارزانی کرد هێزی پێشمەرگە بنێرێت بۆ بەشداری کردنی لەو جەنگەدا سەرەك بارزانی بەم شێوەیە وەڵامی عبد الرحمن عارف دایەوە ،

(ئێوە چیتان بۆ کورد کردووەهەتا هێزی پێشمەرگە بنێرین بۆ شەڕ ئێوە هەموو پاشاو سەرك عەرەبەکان و میرەکان و هێزی فەلەستین ئەگەر لە نێوان خۆتاندا یەکبن و ڕێکبن جولەکە خۆی تەواو دەبێت).

دیسان گوتیان ئێمە لەسەرمانە و بەڵێن دەدەین پارێزگاری لە سنووری کوردستان و سەنگەرەکانی سوپا کەتانیش بکەین با سوپاکەتان بەشداری تەواو بکات لە دوای گەڕانەوەی ئەو سەنگەرانەی بەدەستیانەوە بووە سەرجەمیان تەسلیمیان دەکەینەوە.

٣٤- رۆژی ١٩٦٧/٧/١٧ پارتی (بەعس) دووبارە کوودەتای کرد بەسەر عبد الرحمن عارفدا ، عبدالرحمن گیراورەوانەی (تورکیا) کراو احمد حسن بکر کرا بە سەرۆك کۆماری عێراق هێزەکانی بەعس هەرلە رۆژی ١٩٦٩/٤/١ دەستیان کرد بە کورتە هێرش بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان .

٣٥- لە رۆژی ١٩٦٩/٣/١ هێزەکانی پێشمەرگە بەتوندی دایان لە بیرە نەوتەکانی کەرکوك لە شێوەی ئاگادار کردنەوەیەك بۆ میری عێراق و دەوڵەتە بێگانەکانو ئینگلیز – ئەمەریکا – فەرنسا و گەلێك لەو دەوڵەتانەی کە سوود وەردەگرن لە نەوتی عێراق ئەم دەوڵەتانە نارەزایەکی زۆریان دەربڕی سەرەڕای ئەوەی کە گەلی کورد بە پێش چاویانەوە کۆمەڵ کوژ دەکرا و ماڵی بە تالآن دەبرا و شارۆچکەو گوندەکانی و شوێنە پیرۆزەکانی دەروو خێنرا هیچ دەوڵەتێك لەمانە نارەزایەکیدەرنەبڕی بەرانبەر کارە گڵاوەکانیان لەدوایشدا سەرجەم گوندەکانی کوردستان سوتێنراو کاولکراو (ئەنفالی)رەشو کیمیا بارانیش دەستپێکرد و هەر گوێی خۆیان لێکەڕکردبوو .

٣٦- رۆژی ١٩٧٠/٣/١٠ سەدام حسین یارمەتیدەری ئەحمەد حسن بکر گەیشتە ناوپردان هاوڕێ لەتەك شاندێکی میریدا بە هیوای چارسەرکردنی کێشەی کورد لەتەك سەرەك بارزانیداو سەرکردەکاندا کۆبووەوە گەیشتن بەئەنجام .

٣٧- لە رۆژی ١٩٧٠/٣/١١ رێکەوتنی ١١ئازار هاتە کایەوەو بەیانەکە مۆر کرا ، سەرەك بەرزانی (پاڵتۆ) یەکی هەمیشە لەبەردە کرد لە شێوەی (جبە)ی مەلایەتی ، سەدام حسین لە زۆربەی

ووتارەکانیدا کەناوی بارزانی بهێنایە بە (أبو جبه الخیانه) ناوی دەهێنا ، کاتێك بەیانامەکە مۆرکرا سەرەك بارزانی (پاڵتۆ)کەی لەبەر خۆی داکەن و کردیە بەر سەدام حسین و گوتی(أهدیك الرداء العماله التی اتهمتنی بها بالعماله ومنا وبعد مبارك الیك) ، سەدام پێکەنی و بە شانازیەوە لە بەری کرد .

٣٨- لە رۆژی ١٩٧١/٩/٢٩ پیلانی مەلا مینریێژەکان بەرێوە چو بۆ کوشتنی بارزانی خۆشبەختانە بارزانی زۆر بەکەمیبریندار بوو لە بەر ئەوەی یەکێك لە پاسەوانەکانی بە ناوی (شەهید سلیم) خویدا بەسەر بارزانیداو شەهید بوو بارزانی بەسەلامەتی دەرچوو دەبێت هەموو سەربازێکی بەووفا بۆ خاکو نیشتمان و گەلو سەرۆکەکەی لە شێوەی شەهید سەلیم بێت .

٣٩- لە رۆژی ١٩٦٢/٦/١٤ هێزەکەی عقید خلیل گەمارۆی ئاوای (فرقان)ی دا لە ناوچەی (قەرەسەن) دانیشتوانی ئاوایەکەیان کۆکردەوە بەلێدان وستەم لە نێویاندا (١٤) رۆڵەی لاوی کوردیان لە خەڵکەکە جیاکردەوە و شەهیدیانیان کرد بەدەسڕێژی چەك .

٤٠- لە ڕۆژی ١٩٦٢/٦/١٤ هەر ئەو هێزە پیاوکوژە عقید خلیل هێرشیان کردە سەر ئاوای (باوە) مەلا شێخ عزالدین تاڵەبانی کەمەلای ئاوایەکە بو قورئانی پیرۆزی برد بۆ ڕجاکردن تازیانیان پێنەگەیەنی شەهیدیان کردوو خوێنە پیرۆزەکەی ڕژا بەسەر قورئانە کەیدا .

٤١- لە ڕۆژی ١٩٦٢/٦/١٤ هەرهەمان هێز هێرشیان کردە سەر ئاوای ساڵەی (مامۆستا مەلا ڕەزا) قورئانی لەتەك خۆیدا برد بۆ ڕجاکردن مەلاو هاوەڵەکانیان شەهید کردوو خۆێنیان ڕژا بەسەر قورئانەکەدا و قورئانەکەیان بەر شێلگەی تەفەنگ داو کون کون بوو.

٤٢- لە ڕۆژی ١٩٦٢/٦/١٥ هەمان هێز لەتەك ژمارەیەك چەکداری بەکرێ گیراودا گەمارۆی ئاوای (مامشە)یا ندا (٥)کەسیان شەهید کردوو ئاوایەکەیان سوتان .

٤٣- لە هەمان ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٥ هەر ئەو هێزە هێرشیان کردە سەر ئاوای (نەورۆز) ژمارەیەکیان لە خەڵکی سفیل کوشت و بریندار کرد .

٤٤- رۆژی ١٩٦٣/٦/٦ هیزی (عقید خلیل) هێرشی كردە سەر ئاوایەكانی شوان بە تایبەتی (سالّەی و بیبانی) لە دوای كۆكردنەوەی خەلّكی گوندەكان بەپێش چاوی خەلّكەكەیەوە (٢٤) هاولاّتی سفیلی لاویان شەهید كرد .

٤٥- رۆژی ١٩٦٣/١١/٢١ هێزی میری هێرشێكی زۆر گەورەی كردە سەر ئاوای (عەلی بەیان) شوانی كێشك ئاوایەكەیان بە تەواوی سوتان (مامە حەمە)ی كەم ئەندام خادیمی مزگەوتەكە بوو خستیانە نێو مزگەوتەكەوەو لەتەك مزگەوتەكەدا سوتانیان ناوبراو لە رووداوێكدا هەردوو پێەكانی لەدەس دابوو .

٤٦- رۆژی ١٩٧٥/٣/٦ رێكەوتنە رەشەكەی (الجزائیر) لەلایەن (سەدام حسین و محمد رەزا شا)ی ئێرانەوە مۆركرا بەمە توانییان شۆرشی ئەیلول بە كۆتای بهێنێن .

**(مێژوونووسان بەم شێوەیە ئاماژەیان بۆ مێژووی کورد کردووە)**

**١- بەگوێرەی نووسینی (هیرودوت) مادەکان (١٢٨)ساڵ فەرمانڕەوای تەواوی (ئاسیا)یان کردووە .**

**٢- کۆتایی پاشایەتی مادەکان لە ساڵی (٥٥٥)پ.ز بووە .**

**٣- مادەکان پێش (٢٥٠٠)ساڵ پ.ز نەوتیان دۆزیەتەوە بۆ کاری سەربازی و سوتەمەنی و بناسازی بەکاریان هێناوە ئەو کاتە ئەورووپایەکان بەنەوتیان گوتووە (ڕۆنی ماد) .**

**٤- دکتورڕەزاشەفیعی مێژوونووسی گەورەی فارس دەڵێت زمانی (ئاڤێستا) تا ئێستاش لە کوردستان هەیە ئەوەش شێوە زمانی (ماچۆ)ی کوردیە .**

**٥- مامۆستا سعید نعیمی مێژوونوس دەڵێت ئەو زمانەی کە (ئاویستا)ی پێنوسراوەتەوە (ماچۆ)یە ئەم شێوەزارە لەسەردەمی ساسانیاندا زمانی فەرمی دەوڵەتەکەیان بووە .**

٦- مێژوونوسی گەورەمان (مەردووخی) دەنوسێت (زەندئاویستا) لە شێوەی زمانی مادەکان نوسراوەتەوە کە بە شێوەزاری موکری و ماچۆ دەچێت .

٧- زانای گەورەی عەرەب (إبن خلدون) دەڵێت مادەکان باپیرانی کوردن .

٨- مێژوو نووسی گەورەی ئێرانی (حسن پیرنیا) دەڵێت مادەکان کوردن و پاپیرەگەورەی کوردانی ئێستان موکریانی ئێستاو خاکو نیشتمانەکەیان پاشماوەی مادەکانە .

٩- مێژوونوسی ئێرانی (عشق السلطنة) دەنوسێت زمانی کوردی ئێستا پاش ماوەی زمانی مادەکانە .

١٠- مێژوونووسی ئێرانی (معروفی) دەنوسێت ، یەکەمین پاشای مادەکان نێوی (کەیقوباد) بووە ناوی تەواوی (ئارماس)ە مادەکان (٢٠٠٠)ساڵ پ.ز دەوڵەتیان هەبووە سەربەخۆ بوونە لە ساڵی (٧٠٠)پ.ز زۆر بەناوبانگ بوونە .

١١- ساڵی ١١٩٩ك – ١٧٨٤ز عیراقی ئێستا پێکهاتوە لە (٥) وولایەت ١- ولایەتی بەغدا کەپێك هاتوە لە (٨) سنجەق . ٢- ولایەتی (بەسرە) ٣- ولایەتی ئەحساو ٤- ولایەتی نەینەڤا – موسل ٥- ولایەتی شارەزوور لە دوای سەدەی شانزهەم دامەزراوە بریتی بووە لە (٢٥)سنجەق واتە سەرجەم (کوردستانی خواروو)دەکات .

١٢- ناوچەی شارەزوور بە (شهر – زور) ناسراوە بەوواتای شاری نزم .

١٣- دەربەندی بازیان لە مێژووی ئاشوریەکاندا بە (بابیتا) ناسراوە و بەیەکەمین دەروازەی سلیمانی ناسراوە .

١٤- دەربەندی بازیان (بابیتا) گەلێك رووداوی گەورەی تێدا رووداوە و گەلێك لە داگیرکەرانی کوردستان پێدا تێپەڕبون وەك ئاشوریەکان بەسەرکردایەتی (ئاشور پانیپالی دووەم) پ.ز بە (٢٠٠٠) ساڵ دوای ئەوان ئەکەدیەکان – ئاشوریەکان بۆ دووەم جار و عوسمانیەکان – ئینگلیزەکان داگیرکەرانی ساڵی ١٩١٩ز دەوڵەتە زۆڵەکەکەی عێراق و عبد الکریم قاسم – بەعسیە

خوێنریێژەکانی کورد دانیشتوانی ناوچەکە ئەمانە بوون ١- ماددەکان ٢- گووتیەکان ٣- لۆلۆیەکان و زاموایەکان.

١٥- ساڵی ١٩٢٨ز لەلایەن تیمێکی بیانیەوە کە زۆربەیان بەریتانی بوون ئەشکەوتەکانی (هەزار مێرد و شانیدەر) یان پشکنی (٦) ئێسکی مرۆڤی نیاندرتال و ئامێرو کەلوپەلێکی زۆریان دۆزیەوە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە (٧٥- ١٠٠) هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ پێش ئەم مێژووە لە کوردستاندا ژیاوە .

١٦- ساڵی ١٩١٣ تیمێکی بیانی بریتانی پشکنینیان بۆ هەندێك لە ئەشکەوتەکانی (هەورامان) کرد گۆزەیەکیان دۆزیەوە چەند پارچە نوسراوێکی چەرمی تێدا یوو هەندێکیان بە زمانی فارسی و هەندێك بە یۆنانی نوسرابوون مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هەزارەی یەکەمی پێش زاینی پێدەچێت هی سەردەمی (مادی بچوك - خوریە) کان بێت ، ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانیا دا پارێزراوە .

١٧- چیای سەربلندی (پیرە مەگرون = پیر عومەر گرون) یان (باوە هۆمەری پیاوچاك) مێژووی ئەم نیوەی دەگەڕێتەوە بۆ پیرانی

زەردەشتی لە شێوەی پیر شالیار لە هەورامان – پیر مام لە هاوینە هەواری سەلاح الدین لە سەردەمی مادەکاندا گۆتیەکان و لۆلۆیەکان لەم چیایەدا ژیاون و بەرگریان لە خۆیان کردووە لە ئاشوریە نەیارەکانیان و ئاسەوارەکانیان لە چیاکەدا دەبینرێت .

١٨– ئاشوریەکان بەدەستی شارەزووریان دەگوت (زاموا –ساموا) کە لە عەرەبەتەوە دەسپێدەکات تا دەگاتە خورماڵ ، مێژووە دێرینەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم ناوچەیە لەسەدەی سێیەمی پ.ز دا نیشتمانی گۆتیەکان بووە .

١٩– شارەزۆری ئێستا لە گەلێك مێژووە دێرینەکاندا نێوی بە (نیم – ئەز – را) هاتوە بەواتەی نێوەی رێگەی نێوان (تەیسەفون – مدائن – ئازربایجان)لە سەدەی دەهەمی پاش زایندا شارەزور شار بووە هەروەك (یاقوتی حەمەوی) ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت (شارەزورشارێکە دەوری بە شوورە – حصار) گیراوە قەڵایەکی پتەوی تێدایە و سەرکردە و میر تێدا دادەنیشێت و دانیشتوانەکەی کوردن .

٢٠- ساڵی ١٤١١ز بابە ئەردەڵانیەکان (بەبە- بابان) دەستیان بەسەر ناوچەی شارەزووردا گرت زۆربەی زانیاریەکان سەلماندویانە کە جێگەی شارەزوری کۆن شارۆچکەی خورماڵی ئیستایە .

٢١- ساڵی ١٧١٥ز بەکر بەگ (بەکرە سور) ئەمیری بابان لە بەغدا بەدەستی (حسن پاشا)ی عوسمانی کوژرا بەزەهر .

٢٢- ساڵی ١٧٢١ز حسن پاشا والی بەغدا هێرشی کردە سەر ئێران بەفەرمانی (ئەستانە – ئەستەمول) لەم هێرشەیدا زۆربەی زۆری سوپاو میرە کوردەکانی باکورو باشوری کوردستان بەشداریان تێدا کردبوو حسن پاشا توانی شاری کرماشان بەبێ جەنگ بگرێت عبد الباقی خان سەرکردەی کرماشان بوو لەوکاتو سەردەمەدا کلیلی شارەکەی بەبێ جەنگدا بە حسن پاشا ، حسن پاشا فەرمانیکردە (خانەپاشای بابان) لە سلیمانیەوە هێرش بکاتە سەر میرنشینی ئەردەڵان خانە پاشا فەرمانەکەی جێ بە جێ کرد میری ئەردەڵان کە بەمەی زانی کە خانە پاشا بە هیوای شەڕی براکوژیە (علی قولی خان) کە میری ئەردەڵان بوئ الآی ئاشتی هەڵگردوو خۆی و میرنشینەکەی ڕادەستی حسن پاشا کرد .

٢٣- لە رۆژی ١٩١٩/٦/١٩ ئینگلیزەکان هێرشیان کردە سەر سلێمانی لەدەربەند بازیان (شێخ محمود)پێشی لیێان گرت لە دوای کوشتارێکی زۆر هێرشەکە وەستا لەتەك هێرشەکەدا ژمارەیەك کوردی بەکریێ گیراو هەبون لەوانە (مشیر حمەی سلێمانی) هەمەوەند – ئینگلیزەکان داوایانلیێکرد ریێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ شکاندنی هێزەکەی شێخ محمود ، مشیر لە ئاوای (کانی سارد) ەوە ئینگلیزەکانی سەرخستە سەر چیاکەو پشتیان لە هێزەکەی شێخ محمود گرت و لەدوای جەنگێکی کەم شێخ محمود لە ژێر بەردەقارەماندا بەبریندار کەوتە دەستی داگیرکەرانی ئینگلیز .

٢٤- لە ساڵی ١٥٣٤ز بەغدا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە داگیر کرا بەفەرماندەی (سوڵتان سلیم قانونی) لە دوای داگیرکردنی بەغدا ئەم ولایەتانەی دروستکرد ١- بغداد ٢- بصرە ٣-شارەزوور لەم کاتوسەردەمەدا خاکی کوردستانی گەورە پڕ بوو لە میرنشینە کوردە (سونیە) کان ئەم میرنشینانە بەڕاستی پشتی دەوڵەتی عوسمانیان گرت و ڕووبە رووی هێرشەکانی فارسە شیعەکان بوونەوە :ئەم میرنشینە کوردیانە لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی ولایەتی موسڵ و شارەزووردا بوون .

٢٥- مێژوو نووسی عێراقی نویٚ عبد العزیز سلیمان النوار دەڵێت ، لە ساڵی ١٥٤٦ کوردستان پڕ بوو لە میرنشینە کوردیەکان دەوڵەتی عوسمانی فەرمانی ئەم میر نشینانەی بۆ میرەکانی بەجێهێشت خۆیان بەڕێوەیان دەبرد لە ژێر چاودێری بغداو – موسڵ – شارەزووردا بون ، ناوەندی شارەزور شاری کەرکوکی ئێستا بوو سەرەنجام سەرپەرشتیاری گشتی بەغداو موسڵ بوو .

٢٦- أ- هەڵۆخانی ئەردەڵان برای تەیمور خانی کوڕی عەلی خانی بابا ئەردەڵانە .

ب- لە ساڵی ٩٨٨ك – ١٥٨٠ز سلّتان علی خان کوڕی تەیمور خان کوڕی عەلی خان کوڕی سورخاب خان ئەردەڵان پۆستی ئەمارەتی ئەردەڵانی وەرگرت بوو بە میری ئەردەلان براکەی کە ناوی بۆداق بەگ بوو بووبە میری قەرەداخ مراد بەگی برای بوبە میری میرنشینی مەریوان و بەدرخانی برایان میرنشینی شارەزوری وەرگرت.

٢٧- لە ساڵی ١١٥٥ك – ١٦٤٥ز بەرۆکی ئازایەتی (نوط الشجاعة)ی بەرزترین پلەی سەربازی لەلایەن سوڵتان ابراهیم سوڵتانی عوسمانیانەوە بە خشرا بە میر سمایلی زەنگەنە .

٢٨- لە ساڵەکانی ١١٢٧-١٢٣٤ك هەولێر یەکێك بوو لە بنکە هەرە گەورەکانی ئاوەدانی ورامیاری و ئاینی و زانستی دەسەڵاتی میر نشینەکەی گەیشتبوە شارەزور ، ناڵەی سوار چاکەکانی کورد خۆرپەی لە دڵی (حاج) پەرستەکان هەڵدەسان لە جەنگەکانی فەلەستین و سوریا و مسروو لوبناندا بەسەرکردایەتی پاڵەوانی کورد سەلاح الدین ئەیوبی ، شاعیرمان دەڵێت :

تۆ نەمردووی ئەی سەلاح الدین ئەیوبی لە قەب
هەربژی ئەی فەخری کوردو حاکمی موڵکی عەرەب
تاکو تۆ بووی سوارکانی کوردستانم دەردەچون
بۆ زەکاتی ملکی شام و خەرجی بازاری حەلەب
قانع

**((چەند یادەوەریەکی زێرین))**

**رۆژی ١٩/٥/١٩٩٢ یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان .**

**رۆژی ٢٥/٦/١٩٧٦ شۆرشی گولانی پێشکەوتن خواز .**

**رۆژی ٢٥/٤/١٩٩٢ دامەزراندنی کابینەی دووەمی حکومەت .**

**رۆژی ١٤/٤/١٩٨٨ ئەنفالی بەدناو**

**رۆژی ٤/٦/١٩٩٢ یەکەم کۆبونەوەی پەرلەمانی کوردستان .**

**رۆژی ١٩/٦/١٩٤٧ یادی چوار شەهیدە قارەمانەکەی کورد .**

**رۆژی ٤/٧/١٩٩٢ دامەزراندنی کابینەی یەکەمی حکومەت .**

**رۆژی ١٤/٧/١٩٥٨ شۆرشی ١٤ تموز کوشتنی ملیك فەیسەڵی دووەم .**

**رۆژی ١١/٩/١٩٦١ شۆرشی ئەیلولی مەزن .**

**رۆژی ٢٦/٩/١٩٩٦ دامەزراندنی کابینەی سێیەمی حکومەت .**

ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٢ دامەزراندنی حکومەتی کوردستان لە مەهاباد.

ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١ شەهیدبوونی کاك ئیدریس بارزانی .

ڕۆژی ٢٠٠٤/٢/١ شەهیدانی یەکی شوبات لە هەولێر .

ڕۆژی ١٩٥٣/٢/١٨ دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان .

ڕۆژی ١٩٧٩/٣/١ کۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانی نەمر .

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان .

ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١١ بەیانی ١١ ئازاری مێژووی .

ڕۆژی ١٩٠٣/٣/١٤ ڕۆژی لە دایك بوونی بارزانی .

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ کیمیا بارانی هەڵەبجەی شەهید .

ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٣٠ لە سێدارەدانی قازی و هاوەڵانی .

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٣١ کۆڕەوە گەورەکەی کوردستان .

ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق .

رۆژی ٥٣٢ك–١١٣٨ز لە دایك بوونی سەلاح الدین ئەیوبی .

رۆژی ٥٨٩ك – ١١٩٣ز کۆچی دوای سەلاح الدین ئەیوبی .

رۆژی ١٩٥٦/١٠/٩ کۆچی دوایی شێخ مەحمودی نەمر لە بەغدا.

رۆژی ١٩٩٤/٥/٢٧ کۆچی دوایی نووسەر مستەفا نەریمان کفری.

ساڵی ١٧٩٦ کۆچی دوایی ابراهیم پاشای بابان .

رۆژی ١٩١٠/١٢/١٣ کۆچی دوایی شاعیر شێخ رەزای تاڵەبانی.

ساڵی ٨٢٢ز – ٨٩٥ ژیان و مردنی أبو حنیفەی دینەوەری .

ساڵی ١٨٤٠ز محمود پاشای بابان مستەر ریچ دەعوات کرد بۆ سلێمانی زۆر رێزی لێگرت لەبەر ئەوەی لە بارەی کوردەوە نوسینی زۆرە .

قونسوڵی ڕووسی (مینورسکی) ساڵی ١٨٧٧ لە دایك بووە لە ڕوسیا لە ساڵی ١٩٦٠ لە لەندەن مردووە ، نوسراوی زۆری لە بارەی گەلی کوردەوە نووسیوە .

لە ساڵی ١٨٠٠ز – ١٨٨٠ز ئەم ناودارانەی کورد لە یەکێتی سۆفیەت پلەو پایەی سەربازی و هۆزایەتیادە هەبووە :

١- ژەنەراڵ (جعفر ئاغا) بەرپرسی هۆزەکانی (بریڤان) .

٢- ژەنەراڵ (عەلی أشرەف زەنگەنە) هۆزەکانی (قارس) .

٣- سەرەك هۆز (فاتح ئاغا بیکۆڤ) هۆزەکانی (قاقزمان) .

لەو سەردەمانەدا خاوەنی (٤٠٠٠-٥٠٠٠) هەزار چەکدار بوونە.

ساڵی ١٩٤٥ لە ١٥ ئاب حزبی دیموکراتی کوردستانی رۆژ هەڵات لە سەر لاشەی پارتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دروستبووە .

لە رۆژی ١٩٤٦/٤/٢٣ ڕاگەیاندنی یەکگرتنی کۆماری کوردستان و ئازربیجان ،ساڵی ١٧٥٠ز کریم خانی زەند دەوڵەتی دروستکرد لەئێران و پایتەختی گوێزایەوە بۆ (شیراز) لە ساڵی ١٧٧١ مردووە رۆژانی دەسەڵاتی بەرۆژانی زێرینی دەژمێردرێت لە ئێراندا .

ساڵی ١٧٧٢ز پەتای(تاعون) شاری بەغدای داگرت زۆر مردن .

ساڵی ١٢١٤ك پەتای(تاعون) شاری کەرکوکی داگرت زۆر مردن.

ساڵی ١٢١٤ك پەتای(تاعون) شاری سلێمانیی داگرت زۆر مردن.

مەلا عومەری رەنجوری شاعیری کوردی زەنگەنە کە لەو سەردەمەدا ژیاوە بەم شێوەیە باس لەو پەتایە دەکات :

ئەوسا وا کەرکوك حاڵش وا تاربی

جە (ئاخر حسین) تاعون إظهاربی

بەعزێ خەڵك فیرار بەعزێ فانی بی

ئەوتاعون قڕان سلێمانی بی

مەنەی ئاریخش (غریباً) بێ نەقش

هەزار وسەد یەك هەشت و یەك شەش

کەدەکاتە ١١٨٦ك

## ((نیشتمانی گەلی کورد لە کوردستان))

گەلی کوردلە کوردستانی گەورە دادەنیشێت درێژ دەبێتەوە لە چیاکانی(ئارارات = جودی = گودی) تا دەگاتە ولاّتی (ئەریڤان) بەلای باکوردا .

بۆ چیای (حمرین) و (أهواز) وبندر (بوشهر) بەلای خواردا لە ملاتیە و ئەرزرۆم و مرعش بەلای خۆر ئاوادا .

بۆ کۆتایی وولاّیەتی ئەردەلاّن و وولایەتی بەختیاری و ئەسفەهان بەلای رۆژهەلاّتدا .

ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان دوو(پلە – دەرەجە) ٤٥٣٠ پانی و ١٢٣٧ درێژی .

**(زەوی ناسی – جوگرافیە)**

زەویەکانی کوردستان بەم شێوەیە دابەشکراوە :

٠٤٠/١٠٠ دەکەوێتەژێر دەسەڵاتی تورکیاوە .

٠٣٨/١٠٠ دەکەوێتەژێر دەسەڵاتی ئێرانەوە .

٠١٦/١٠٠ دەکەوێتەژێر دەسەڵاتی عێراقەوە .

٠٠٤/١٠٠ دەکەوێتەژێر دەسەڵاتی سوریاوە .

بەشێکی بچووکی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیاوە پایتەختی (بریڤان) پانتای گشتی (٥٠٠) هەزار کم چوار گۆشەیە و خاکەکەی دابەشکراوە ئەم ناودارانە دانیان بە مافی کوردا ناوە کە خاکی داگیر کراوە .

١- جواهیر لال نەهرۆ ٢- جمال عبد الناصر ٣- جواهیری ٤- کامل چادرچی ٥- سید محسن الحکیم ٦- قەزافی .

**((نێوی هۆزە دێرینەکانی کورد لە مێژوودا))**

لە ساڵی ١٨١٨ز گەڕیدە (رۆسۆ) ژمارەیەك لە هۆزە دێرینەکانی کوردی لە پەرتوکەکەیدا کردووە لەوانە :

١- لوڕ ٢- مووکری ٣- زەنگەنە ٤- لەك ٥- کەلۆڕ ٦- گۆران ٧- گەلاڵی ٨- باسیان = بازیان ٩- مەکمی ١٠- سۆلی ١١- باپیری ١٢- نخووسە ١٣- سۆرانی ١٤- سیولی ١٥- فریاوی ١٦- سنانی ١٧- یانی ١٨- مازنجانی ١٩- حیدی ٢٠- زراری ٢١- چولمەکی ٢٢- هەکاری ٢٣- بەختی ٢٤- داسنی ٢٥- دنبەلی ٢٦- دینەوەری ٢٧- باڵەکی ٢٨- شکاکی ٢٩- گاوانی ٣٠- باگی ٣١- فەیلی ٣٢- قەیتول ٣٣- قەیتاس ٣٤- شوان ٣٥- بەختیاری ٣٦- رەوەندی ٣٧- موانی ٣٨- هەورامی ٣٩- قەڵفانی ٤٠- یەزیدی ٤١- هەزبانی.

**((نێوی ژمارەیەك لە پیاوە ئاینی و ناودارەکانی کورد لە مێژوودا))**

١- شمس الدين احمد کوڕی عبد الله محمد .

٢- بهاء الدين کوڕی ابراهيم کوڕی أبو بکر خەلەکانی ، ئەربیلی کە ناسراوە بە (إبن خلكان) لە ساڵی ١٢١١ك لە هەولێر لە دایك بووە لە رۆژی ١٢٨١/١٠/٢١ك لە سوريا مردوە لە گۆڕستانی گردۆڵەی (القاسيون) نێژراوە لە دیمشق نوسراوی (وفيات الاعيان).

٣- مەلا محمد أمين کوڕی حاجی حسن لە ئاوای (سنجوی) لە دایك بووە بە إبن الحاج دوناسرێت ، نوسراوەکانی (رفع الخفا على ذات الشفا) لە گوندی (هەزار مێرد) سەر بەشاری سلێمانی مردووە .

٤- سبغە الله ئەفەندی حیدری لە ١١١٤ك کۆچی کردە بۆ بەغدا لە گوندی (ماوەران) ەوە بوە بە مامۆستا لە ساڵی ١٢٠٠ك مردووە.

٥- پایە بەرز شێخ محمدی قزلجی ژمارەیەك پەرتووکی گرنگی هەیە لە رێزمانی عەرەبی و لە زانیاری ئاینیدا تا ئێستا دەخوێنرێن .

٦- شێخ محمد كوڕی شێخ مستەفا و نەوەی شێخ عیسی بەرزنجی لە پەرتووكە دانراوەكانی (٦٠) بەرگی هەیە لە (١٢) زانیاریەكە لە ئاوای (نۆدیی) لە دایك بووە لە ساڵی ١١٦٦ك لە ساڵی ١٢٥٤ك لە شاری سلێمانی مردووە .

٧- محمد فەیزی زەهاوی كوڕی محمد كوڕی احمد كوڕی حسن كوڕی رۆستم كوڕی كەیخەسرەو كوڕی میر بابا سلێمانی بەبەلە سلێمانی لە دایك بووە ساڵی ١٢١٧ك لە بەغدا لە ساڵی ١٣٠٨ك مردووە .

٨- سید محمد خاتر بەرزنجی لە بەرهەمەكانی (كنز اللسّن) پێك هاتووە لە (١٢)زانیاریەكە .

٩- بیتوشی ، لە گوندی بیتوش لە دایك بووە ساڵی ١١٣٥ك كۆچی كردووە بۆ ناوچەی (أحساو - سعودیە) لە ساڵی ١٢٢١ك مردووە دانراوەكانی زۆرن ١- كافی ٢- وافی ٣- حدیقە السرائر ٤- بدیع.

١٠- مەلا سلیم ئەردەلانی .

١١– ملا درویش عقراوی .

١٢– ملا علی سوسنەی .

١٣– ملا جرجیس ئەربیلی لە ساڵەکانی ١١٤٧ك ژیاوە .

١٤– مولانا ضیاء الدین (خالد عثمان) نقشبەندی لە ساڵی ١١٩٠ك لە دایك بووە لە ١٣ذی القعدة ساڵی ١٢٤٢ لە سوریا لە دیمشق مردووە خاوەنی ڕێبازی نەقشبەندیە .

١٥– زانای گەورە مەلا ئەحمەدی گەلاڵی نقشبەندی .

١٦– زانای گەورە مەلای (ئەشکەوتی) هەروتی – ڕەواندوزی .

١٧– زانای گەورە مەلا أبو بکر ساردکی بەرهەمی زۆرە .

١٨– زانای گەورە مەلا احمد کوڕی أدەم سەر بە هۆزی باڵەکە بەرهەمی زۆرە لە فەرموودەو ئاین .

١٩– مامۆستای بەناوبانگ معروف چیاوك سەر بەهۆزی باڵەکە .

٢٠- مامۆستا معروف رەسافی لە هۆزی جەباری گوندی مۆردانە .

٢١- زانای گەورە مەلا احمدی زەندی – بغداد – بەرهەمی زۆرە .

٢٢- موفتی محمد أمین احمد زەندی – موفتی بەغدابوە خۆیو باوكی مدرس بوونە .

٢٣- ملا محمدی خەتیّ لەبەرهەمەكانی ١- حواش جمع الجوامع ٢- حواشی بیضاوی ٣- حواش تحفە ٤- رسالە فی الفقە الاسلامی .

٢٤- زانای گەورە مەلا عیسی هەرتەلی سەر بە هۆزی خۆشناوە .

٢٥- زانای گەورەمەلا أمین بیتواتە گوندی كونە فلوسە ئەم پیاوە لە سەردەمی خۆیدا سەرەك زانایانی هەولێر بووە .

٢٦- زانای گەورە یحیی مزووری –عمادیە– العمری – بەرهەمی زۆرە.

٢٧- زانای گەورە مەلا محمود كوڕی یوسف بەگ زەنگەنە باپیری تاڵەبانی .

٢٨- زانای گەورە شێخ احمدی تاڵەبانی کوڕی مەلا محمودی زەنگەنە.

٢٩- زانای گەورە شێخ عبد الرحمن کوڕی احمدی تاڵەبانی .

٣٠- شێخ معروف نۆدێ – بەرهەمی زۆرە .

٣١- سەلاح الدین شارەزووری – بەرهەمی زۆرە.

٣٢- زانای گەورە سلێمان زەنوری زەنگەنە بەرهەمی شعری هەیە.

٣٣- زانای گەورە کوڕی حاجب – بەرهەمی زۆرە .

٣٤- ابن الأثیر .

٣٥- ابن تیمیە .

٣٦- جمال الدین ئەفغانی .

٣٧- محمد عبدە مسری .

٣٨- زانای گەورە مەلا جامی – خاوەنی پەرتووکی جامی .

٣٩- زانای گەورە ئەردەبیلی – مێژوونوسی گەورەی ئیسلامی .

((مێژوو نوسە دێرینەکانی کوردی سەردەمی ئیسلامی))

١- مێژوو نوس (کورد) .

٢- مێژوو نوس (کوردی) .

٣- مێژوو نوس (دیاربەکری) .

٤- مێژوو نوس (ئامەدی) .

٥- مێژوو نوس (ئەربیلی) .

٦- مێژوو نوس (دینەوەری) .

٧- مێژوو نوس (گەلاڵی) .

٨- مێژوو نوس (باڵەکی) .

٩- مێژوو نوس (خەلەکانی) .

١٠- مێژوو نوس (عیسی هەرتەلی) .

١١- ئەبو حنیفەی دینەوەری کوردستانی رۆژ هەڵات ساڵی ٨٠٠ز – ٨٩٥ز ژیاوە خاوەنی بەرهەمی زۆرە لە مێژووی ئاینی .

١٢- احمدی کوڕی داود کوردستانی باکور لە سەردەمی ركن الدين دەولەدا ژیاوە رووەك ناس و ئەستێرە ناس و مێژوونوس بووە نێوی لە پەرتووکی (أخبار الطول) دا هاتووە .

## ((سەرچاوە گرنگەکان بۆ مێژووی کورد))

١- مسالك الابصار .

٢- القلقشندی فی (صبح الاعش) .

٣- النوێری فی (بلوغ الادب) .

٤- تقرير درويش پاشا عن حدود العثمانيه = ايرانيه ١٢٦٩هـ / ١٨٥٣م .

٥- سیاحت نامه – تقریر خورشید پاشا .

٦- شرفنامه – شرف خانی بتلیس .

٧- تاریخ کورد و کوردستان محمد امین زکی بەگ .

٨- تاریخ سلیمانیه محمد امین زکی بەگ .

٩- الکرد – رشید باسمی – الفله الفارسیه .

١٠- الاکراد – رفیق حلمی .

١١- من عماد الی عمادیه – جوله فی کوردستان الجنوبیه .

١٢- کورد دار – باللغه الالمانیه – مترجم الی اللغه الترکیه .

١٣- محمد افندی الکوردی – من المرجع (محمد فیض الزهاوی) .

١٤- مجلة یادگار طبع سنة ١٩٤٧ المؤلف أمیر عباس إقبال الأستاني باللغة الفارسیة .

((باس جوانی بەهەشتی کوردستان لەلایەن ویژەرانەوە ))

(جوانی کوردستان)

خاکی کوردستان لە جوانیدا زۆر جیاوازە بە گوێرەی جێگەکانی تر زەوی سەوزو ئاسمانی شین – چیای بەرزو سەرکەش جۆگەلەو رووباری زیوینی باخو باخچەی ڕازاوە ودەم بە پێکەنین ، دارو دارستانی جوانو مێوەی بە تامو چێژ لەوەڕگەی گەورەوبەر فراوان گوڵو گوڵزاری دەم بە پێکەنین و بۆندار ، باڵندە دەنگ خۆشو بە ئاوازە سەد تەرزەکانی لە دێر زەمانو تا ئێستاش جوانترین پارچە زەوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو کە هەمێشە دڵی مرۆڤ بۆ لای خۆی رادەکێشێت و بیرو خەیاڵی گەورەتر دەکات .

ئەوەتا پەیامبەری خۆشەویستمان (محمد)دروودی خودای لە سەر بێت کوردستان و گەلەکەی دەفەرموێت (گەلی کورد لە نێو چیا بەرزو سەرکەشەکاندا دەژین لەناوچەی چیای جودی = طودي)و لە دەشتایە بە پیتو بەرەکەتەکەیدا کە یەزدانی گەورە هەڵیبژاردووە بۆ

پەیامبەرمان (نوح) سەلاَوی خودای لێبێت کە لە شێوەی پارچەیەکە لە زەویەکانی بەهەشت ئەوەش خاکی کوردستانەو دەکەوێتە نێوان ناوچەی (هەکاری = تیتقا) وە ئەم بابەتە لە ڕاڤەی ابن الكثير دا هاتووە .

## ((ڕەوشی جوانی ئافرەتی کوردەواری))

بەڕێز مامۆستای پایە بەرز مستەفا نەریمان بەم شێوەیە باس لە ئافرەتی کورد دەکات .

ئافرەتی کوردەواری بارێکی گرانی کەوتوەتە ئەستۆ ، منالّ بەخێودەکات کاروباری ناو ملّ بەجێ دەهێنێت خزمەتی مێردەکەی دەکات مێوان بەڕێ دەخات شان بەشانی براو کەسەکانی مەلّۆ دەنێتەوە دروێنە دەکات گێرە دەکات خەرمان هەلّدەگرێت بە دلّو دەروونێکی پاك نوێژو تاعەتی خودا دەکات ئەگەر ئاگری جەنگ لێیان نزیك بووەوە دەست دەداتەچەك وەك پیاوان دەچێتە مەیدانەوە سەرجەم ئافرەتانی کورد سەنگین و بەتواناو بە ئارامو پاکو خاوێن و ئەمینن .

## ((كۆتایی))

زۆربەرێزو زانای گەورەی شانازی كورد مامۆستا شێخ محمدی خاڵ باشێكی زۆر گرنگی زانست و زانیاری كوردستانی كردووە بەزمانی عەرەبی لە بەر ئەوەی هەروەك چۆنی نوسیوە هەر بەو جۆرە دەینوسمەوە وە دیكەم بە كۆتایی پەرتووكەكەم .

(وصف العلم و الثقافة الإسلامية في العراق و كوردستان)

حينما كانت بغداد مركز العلم والثقافة وبلاد فارس محط رجال الأفاضل والفطاحل ، أعمر بلاد في العالم ، و أزهاها بالمدارس و المدرسين والعلماء المتبحرين الادباء البارزين ورجالاتها أشهر ، ومدارسها أزهر وكان علماء كوردستان في تلك العصور النيرة مقتبسين من أنوار بغداد ، وفارس و ناهلين من مناهلها العذبة ، وكانت مدن كوردستان وقرأها خاض بالمدارس والطلاب وبالعلم و رجال الأدب ، فقد كان في كوردستان من المساجد والجوامع و المدارس ما تفوق الحصر و العد بحيث لا ترى قرية مهما كانت صغيرة إلا و فيها مسجداً أو جامعاً مع مدرسة عامرة بطلاب العلوم الدينية و قفوا حياتهم على تحصيل العلوم الإسلامية و أدابها باخلاص و عزم ديني

صادق تدرس فيها العلوم الاسلامية على أتقن و أجود ما يرام ، ولقد نبغ فيهم علماء حازوا قصب السبع في ميدان الجهاد العلمي وكانت من ناحية الثقافة الاسلامية ، مستواها العلماء و معادل لمستوى المدن ذات حضارة ، وكانت لهذه المدارس في جميع أنحاء كوردستان مرتبطة بعضها ببعض ، ومفصلة الحلقات بتجوال الطلاب الدائمي من مدرسة الى أخرى ، بعيدة أو قريبة كأنها جامعة ذات فروع ، ولاتزال تلك الحالة باقية آثارها الى اليوم في جميع أنحاء كوردستان الكبير .

ولعمري أن كورد لمدينون جداً لتلك المدارس الزاهرة المساجد و الجوامع العامرة ، لما أسعدني من التأثير الحسن الى عقلية العنصر الكردي و تحضره ونضجه عموماً لاسيما المسنين منهم ، بالنسبة للشعوب المجاورة لهم ، كما هو جليّ واضح ذي بصيرة ، ويجب على الجيل الحاضر أن ينظر الى هذه المدارس و آثارها و الى علمائها و طلابها بعين العبرة و التقديس و الاجلال كما نلمسه مع الأسف الشديد من بعض المعاصرين ممن غررتهم المظاهر أوهمتهم دسائس الاجانب من حيث لا يدرون ، واصرفتهم و أغرّتهم بتلك الظروف السياسية القاسية التي مرت ولا تزال تمرّ على الكورد وكوردستان .

محمدخال

## سەرچاوەکان



| ز | | ناوی نووسەر |
|---|---|---|
| ١ | مێژووی میدیا | ئیگۆر میخائیل ویچ |
| ٢ | مێژووی میدیا | مینورسکی |
| ٣ | مێژووی میدیا | بورهان قانع |
| ٤ | رۆژهەلاتناس | هەریب ئەزمیری |
| ٥ | مێژوونوسی عەرەب | ابن خلدون |
| ٦ | مێژوو نوسی ئێرانی | حسن پیرنیا |
| ٧ | کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا | حسن محمود حەمەکریم |
| ٨ | سلیمانی و دەوروبەری | محمد أمین زکی بەگ |
| ٩ | مێژووی کورد و کوردستان | محمد أمین زکی بەگ |
| ١٠ | مێژووی ساسانیان | رحیم علی وەیس |
| ١١ | مێژووی عێراقی نوێ | د.عبد العزیز النوار |
| ١٢ | فەرهەنگی مەهاباد | گیوموکریانی |
| ١٣ | فەیلیەکان | حسین کاکی |
| ١٤ | مێژوو نوس | یاقوتی حەمەوی |
| ١٥ | مێژوو نووس | جۆرج کامیرۆن |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦ | مێژوو نوس | عباس عزاوی |
| ١٧ | کورد گەل نامەك | محمد صالح بلوج زەنگەنە |
| ١٨ | شوق المستهام | احمد کوڕی وحشییەی نەبەتی |
| ١٩ | مێژووی سەلاح الدین | احمد محمد السباعی |
| ٢٠ | مێژووی میرنشینی ئەردەڵان | احمد محمد کوردستانی |

# پێڕست


| ژ | بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشکەش | ٢ |
| ٢ | ناسنامەی پەرتووك | ٣ |
| ٣ | پێشەکی | ٤ |
| ٤ | مادەکان باپیرانی کوردن | ١٠ |
| ٥ | ئەو پەرتووکانەی لە پێش زاینیدا بە کوردی نووسراون | ١٨ |
| ٦ | ئەو جێگەو ئاسەوارانەی لە پێش زاینیدا ناسراون | ٢٣ |
| ٧ | ئەو دەوڵەتانەی دەسەڵاتیان لە کوردستان بەڕێوەبردووە | ٣٧ |
| ٨ | ساسانیەکان کێن | ٤٠ |
| ٩ | دەسەڵاتی کورد لە خۆرئاوای کوردستانی ڕۆژهەڵات | ٤٥ |
| ١٠ | ڕووداوە مێژوویەکانی کوردستان | ٥٨ |
| ١١ | ڕووداوە گرنگەکانی دوای دەوڵەتی عوسمانی | ٧٣ |
| ١٢ | مێژوو نوسان بەم جۆرە دەدوێن | ٨٩ |
| ١٣ | یادەوەریە گرنگەکان | ٩٨ |
| ١٤ | نیشتمانی کورد | ١٠٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | هۆزە بەناو بانگە دێرینەکانی کورد | ١٠٥ |
| ١٦ | ژمارەیەك لە پیاوە ناودارەکانی کورد | ١٠٦ |
| ١٧ | مێژوو نووسە دێرینەکانی کورد | ١١٢ |
| ١٨ | سەرچاوە گرنگەکانی مێژووی کورد | ١١٣ |
| ١٩ | جوانی کوردستان | ١١٥ |
| ٢٠ | رەوشی ئافرەتی کورد | ١١٦ |
| ٢١ | کۆتایی | ١١٧ |
| ٢٢ | سەرچاوەکان | ١١٩ |
| ٢٣ | پێرست | ١٢١ |